Dr.Saleh Ebrahimi



شوانکارا *Soncara SHABAUKARA* مه قالەی بەکەڵکی چاپ کراوله دا یرة المعارف اسلام.
و نسخه خەتی مه جمع الانساب (به قەڵەمی محه مه د،کوڕی عـەلی شـوانکـارەیی) - له ئەنیستیتوی خاوەر ناسی فەرهه نگستانیعولومی شورەوی (لینینگراد) ژمارەی ۳۷۲).

٦- ئیقبالْ ئاشتیانی لاپەڕه ی ۳۸۱.

۷- ئەم شاره کەلەنێوان داراب و فەساو نەیریزا بو، له مونته خه ب التواریخ موعینی، نوسراوی موعیینه ددین نه ته نزی، به ته سحیحِ ژان اوین تاران ۱۳۳٦ خوشناوا هاتووه.

۸- عباس ئیقبالْ لاپەرەی ۳۸۱.

۱۰-۱۱-۱۳- نه ته نزمی (موعیینه ددین لاپەڕەی ۳ و ۴).

۱۴- بۆئاگاداریله باری ئەدەبیو هونەریله و هەرێمەداله ڕۆژگاری شوانکارەکانا، که ته نانەت له ناو پیاومه زنان و میرمیران وگورزوەشینا نیشا شۆینی هه بووه، بنواره سه فا ۴۱-[۱]

ئه مه شچوارینه یەك که قوتبه ددین موباریز لەشینی غییاسه ددین - ی کوریدا و تویەتی:

(ای جـان پـدر کـه آن جهـانت خـوش بـاد
رفـتی زبـرم کـه جـاودانت خـوش بـاد
مسـلك بقـا را بفنـا، بگـزیدی
سوری سره کـردی کـه راوانت خـوش بـاد)

بۆنواندنی فەزیلەتی که ماڵه ددین ئیسماعیل (کوژ راو له ساڵی ٦۳۵ و شه وقی دیتنی وی ئه بێژێ:

چـون نـیست مـرا بـخدمتت روی وصـال
سـر بـر خـط دیـوان تـو دادم مەوسـال
گـویم فلکـا در تـو نقصـان آیـد
گـر زآنکـه رسـانیم زمـانی بوصـال

۱- ئیقبالْ لاپەرەی ۳۵۸.


Dr.Saleh Ebrahimi

۲۲۲ ـ شه پۆل

که ماله ددین له وه لاّماده بیّژیّ:

(آنــی تــو کــه خــورشید ســرافکــندهٔ تست
هــــر کـــوست خــداونــد هــنربندهٔ تست

جویـــای کمــــالند بجــــان خــلق جهــان
وآنگـــاه بجـــان کمـــال جــویندهٔ تست)۲۲



سنگ نگاره شکار گرازان در تاق بزرگ

---

۱ ـ ۱۵ ـ ۱٦ ـ ۱۷ ـ ۱۸ ـ ۱۹ ـ ۲۰ ـ نه‌ته‌نزی لاپه‌ره‌ی ۵ و ٦ مه‌لیک موزه فه‌ره‌دین له ته‌مه‌نی نه‌ود ساڵی دا له ساڵی ٦۵۸ له جه‌نگی مه غولانا شه هیدکرا.

ـ بۆئاگاداری. زیاتر بنواره تاریخ مه غول ئیقباڵ و مونته خه‌ب التواریخ موعینی.

۲۲ ـ نه ته نزی لاپه‌ره‌ی ۹ و ۱۰. شه پۆل

Dr.Saleh Ebrahimi

## کوردی شوانکاره

شوانکاره، هۆزێکی کوردی زۆر ئازاو نەبەزەو لە پێنج تیرەو هۆز، پێکهاتووە. ڕۆژ گارێك لە نێو جەرگەی فارسدا حوکومەتی سەربەخۆیان هەبووەو نزیکەی صەدو پەنجاساڵ ئەو حوکومەتە، هەرماوە.

دامەزرێنەری حوکومەتی شوانکارە، ئەمیر فەضلەوەی‌یە، کە کوری عەلی کوری حەسەنی ئەییوبی بووە، کۆبەی ماموستا جەمیل ڕۆژ بەیانی - حوکومەتی سوانکارە ساڵی [۴۲۱ ی مانگی و ڕیکەوتی ۱۰۳۵ ی زاینی] دامەزراوەو تا ساڵی [۷۵٦ ی مانگی و ۱۳۵۵ ی زاینی] هەر بەردەوام بووە، کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغا، پەرەی ۱۳۷ نەقڵ لەکۆبەی شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ٦۴ چاپی دووەم ساڵی ۱۹۸۱ی زاینی تاران چاپخانەی جەواهیری.

Dr.Saleh Ebrahimi



## محەمەد کوڕی شوانکارە

٦٩٧ کۆچی ـ

محەمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد لە هۆزی کوردانی شوانکارەی فارسەو یەکێك لە نوسەرانی فەصیحی سەتەی هەشتەم کە لەفەننی شیعرو شـاعریدا خـو دان هـێزوبیری وردو ناسكو جوان بوە و بە خاجە (غیاث‌الدین) کوڕی رەشیدە دین (فەضل‌الله) داهەڵیو تووەلە ماوەی ساڵی ٦٩٧ کۆچی مانگی لە یەکێك لە ناوچەکانی شوا نکارە لە دایك بوەو ژیانی خۆی بە نوسین و شیعر و تن را بوردوەو لە ساڵی ٧٣٣ کۆچی دەسی کردوە بە دانانی مێژوی گشتی و لە ساڵی ٧٣٦ کۆچی تەواوی کردوەو دوای تەواو کردنی،ئەو کتێبەی پێشکەش بە خاجە (غیاث‌الدین) کردوە کە نیشانی ئەبوسە عید ئاخرین پاتشای مەغولی بدا، بلاّم بەر لەوە ئەبوسەعید بی‌بینێ ئەبوسەعیدی مەغول ئەمرێ و لە هەمان دەم وکات دالە زیمنی تالاّن‌کردنی گەرەکی (ربع رشیدی تەوزێر) نوسخەی ئەسڵی ئەوکتێبە لەنێو دەچێو نوسەر بۆ جاری دوەم لەساڵی ٧٤٣ی‌مانگی کتێبەکەی خۆی لە نوکەوە دائە نێتەوە و بە (مجمع الانساب) ناوی ئەنێ ئەمە هەر ئەوکتێبەیە کە لەو پەڕی رێك و پێکیو رەوانی وگونجاویو خونجاوی دانراوە و مێژوی جهانی لە سەرە تاوە تا پادشایی ئەبو سعید یمەغولی تێدا نوسراوە[1]

---

١ـ سەرچاوە: مێژو لکەی وێژاوەری پیران سەعید نەفیسی لە ساڵنامەی پارس ساڵی ١٣١٧ کۆچی هەتاوی. تاریخی سلێمانی ٢١٩ـ ٢٢۴ و مشاهیرالکرد ٢:٢٠١ و princeton 961 و ایضاح المکنون ١:٣٧ و ٦٦ و المستدرك علی الکشاف ٣٧٦ و شێخ معروف نۆدێی بەرزنجی چاپی بەغدانوسراوی مەولاناشێخ محەمەد خاڵخوابی پارێزێ شێخ محەمەد خاڵلە ١٩٠۴ زاین لەدایك بوە و تائێستادە دەوانزە کتێبی بە کوردی و عەربی نوسیوە و لە چاپیش دراون. نەقڵ لەئەعلامی خەیرەدین زرەکلی چاپی ٦ ج ٧ پەرەی ١٠۵ و زەیلی کشف الظنون ج ١ پەرەی ٣٧ و بەرکوڵی پێنجەی قەصدەی بوردی‌یە شێخ مارف نۆدێی...وە پەرەی ۵ مجمع‌الانساب چاپی ١٣٦٣ چاپی ئەمیرکەبیر ـ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



## بەهاشە نگاری

٥٣٣-٦٢٢کوچی و ١١٣٩-١٢٢٣ زاینی

ئەسەد کوڕی یەحیا سنجاری (شەنگاری) ئەبو بەرەکات کوری موسا کوری مەنصور کوری ئەوڵ عەزیز کوری وەهەب کوری هبان کوری سوار کوڕی ئەولا کوری رەفیع کوری رەبیعە کوری هبانی سەلمی سنجاری فەقیهی شافعی شاعیر، بانگ کراو بە (بەها).

ئەمزاناکوردە زانا بە زانستی فیقهبوەو لە زانستی خیلافیشدا دەسێ بالآی هەبوە و یەکێك لە زانا ناودارەکان بوە و زۆر ئازا و بەجەرگ‌و زیرەك و نوکتەزان بوەو شیعری جوانیشی زۆرە.

بە شیعروتن ناوی داخستوەو بە پاتشایانی‌دا هەڵ وتوەو جایزەی لێوە رگرتون و زۆر ولآتان گەراوەو لە ستایشی گەورەپیاواندا شیعری زۆرە و دیوانی شیعری هەیە، یەك لەو قەسیدانەی وا لە ستایشی قازی کەماڵە دین کوڕی شارە زوری‌دا وتویەتی:

وَ هَـــواكَ مٰـــا خَـــطَرَ السُّـــلُو ببـــاله    وَلَأَنْتَ اَعْـــلَمُ فـــى الغـــرام بحـــاله
وســـتى وشـــى واشٍ اليك بـــاِنَّهُ    ســـالٍ هَـــوَاك فـــداك مـــن عُـــذالِـــهِ
ريّـــان مـــن مـــاء الشـــبيبة والّـــصبا    شَـــرِقتْ معـــاطفُه بـــطبيب زلالِـــهِ
تســـرى النـــواظِـــرُ فى مـــراكب حســـنه    فتكـــاد تَـــغْرق فـــى بحـــار جمـــالِهِ
فكفَـــا عـــينُ كمـــاله فـــى نـــفسِهِ    وكـــفى كمـــال‌الديـــن عـــينُ كمـــالِهِ

ئەم زاناگەورە لە هەولێر لە **٥٣٣** مانگی‌و **١١٣٩** زاینی لە دایک بوەو لە ٦٢٢ مانگی‌و **١٢٢٩** زاینی لە سنجار کەسێ رۆژە ڕێ لە موسڵ دورە بارگەی بە رەولای خواتێکناوە[١].

---

١ - سەرچارە: (خ) کتێبێك لە تەراجم‌دا ٣٥ ساڵی ٧٠٤٣-(چاپی) کوری خەلەکان‌لە وەفیات‌الاعیان فی انباء ابناء الزّمان ج ١ پەرەی ١٩٣ و ١٩٤ و ١٩٥ چاپی قاهرە،کوڕی عیماد: شذراتُ الذهب ٥:١٠٤ ١٠٤،١،کوڕی کەسیر. بیدایە ١٣:١١٠،١،یاقوت: معجم البلدان ٣:١٥٩ و ١٦٠،١،وەمادەی سنجارو ئەعلامی زەرکلی بەرگی ١ چاپی ٦ پەرەی ٣٠٢.

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۷۰ ـ شه پۆل






## هو نەروە ری ناودار: خوالێخوشبو حه سه ن - ی کامکار:

## ۱۳۰۲ - ۲٤/۲/۱۳۷۱ ی هه تاوی

حەسەن کامکار، هونەرمەندی بلیمەت، ئاهەنگ‌ساز و مۆسیقیدانی بەناو بانگی کورد. لەتەمەنی ٦٩ ساڵیدا باروبنەی ژیانی پێچاوە و دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت.

کامکار لە (نۆسان): خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۰۲ هەتاوی لە شاری سنە چاوی بەروی ژیندا هەڵێنا تەمەنی ۱۲ ساڵ بو لە مەدرەسەی موزیکی نیزام دامەزرا و ئەمڕێکەوتە بو بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ سازە جۆر بە جۆرەکاندا و وای لێهات بە ئاسانی هەمو سازێکی لێدەدا. بەڵام سازی تایبەتی ویۆلۆن بو.

کامکار، بۆ زۆربەی گۆرانی بێژە گەورەکانی کورد ئاهەنگی دروست کردوە، یان لەگەڵیاندا سازی لێداوە و لەپەروەردە کردنیاندا، هەوڵی داوە. گۆرانی بێژانی وەک، حەسەن زیرەک، نەوبەری، وە لە جەوانەکاندا حوسێن شەریفی، عەبباس کەمەندی، هوشەنگ شگرف و... هێندی ئاهەنگی بە نرخی بۆ هونەرمەندانی فارس لێداوەو فێری کردون.

کامکار، زیاتر لە نیو قەرن لە پێناوی موسیقی دا چالاکی بە نرخی نواند وە و توانی هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی گەورە پەروەردەبکا. هەروەها مۆسیقی کوردی بەرە و بواری زانستی و عیلمی پاڵ پێوەنا، وەکردی بە موسیقی‌یەکی عیلمی و منداڵەکانی هەمو لە ژێر چاوە

Dr.Saleh Ebrahimi



دێری باوکی دڵسۆزیاندا، هەریەکە بون بەهونەرمەندێکی ناوەبەدەروە و هەر ئێستا لە ئێرانیدا بنەماڵەی کامکارەکان بە گەورەترین مۆسقیدان دەژمێردرێن-ئەندامە هونەرمەندەکانی ئەو بنەماڵە، برێتین لە بیژن، هوشەنگ، پەشەنگ، ئەرژەنگ، ئەرددوان، ئەرسەلان، قەشەنگ و ئەردەشێر.

خوالێخوشبو: حەسەن کامکار لە ساڵەکانی دوایی عومریدا. لە شاری سنە بنەکەنبو و بە ماڵەوە هاتوّتە تاران.

لەکارەبنەڕەتی و بە نرخەکانی کامکار و کوڕەکانی زیادکردنی دەف بە موسیقی ئێرانی بو.

دڵە گەورەکەی حەسەن کامکار لە رۆژی ۱۳۷۱/۲/۲۴ لە لێدان کەوت و دنیای بێ بەقای بەرە و بارەگای رەحمەت و بەزەیی یەزدان بەجێ هێشت.[۱]

## گۆرانی کوردی

گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە تیشکی خستوّتە سەر هێندێ لایەنی ئەو بەشە نامۆیە لە فەرهەنگی گەلەکەماندا، بە شێوەیەکی رێکو پێک کۆمەڵێ لایەن و لقو پۆی گۆرانی کوردی دەست نیشان و ساخ کردوّتەوە، هەرچەند کەموکوڕیەکەی زیاتر لەوەدایەکە لە شی کردنەوە و ناساندنی هۆرە، قەتار، ئەلاوەیسی، سیاچەمانە، لاوک و حەیران بابەتەکە دەلەنگێ و تەنانەت نوسەرەکەی نامۆیە و بۆ ئێمە نەناسراوە، بەڵام دەگونجێ بڵێین: کە بۆ ناساندنی پتری ئەم بەشە پێویستە پسپۆڕو کارزانی کورد بازوومەچەکی لێ هەڵکەن و ئەزمون و زانیاری خۆیان بـۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەب و هونەری کوردی تۆمار بکەن، ئەم بابەتە بە هەندێ دەستکاری یەوە پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ.

گۆرانی فولکلۆری، کەرەستەیەکی هەرە بنەڕەتی موسیقای فولکلۆری یەکە برێتی یە لە: ئاوازو گۆرانی، ئاوازی ئامرازەکان، ئامرازە موسیقاییەکان، لەگەڵ جۆرو روخسار و ئاکارو

---

۱ ـ ئاوای کوردستان ژومارەی ۱۷۷ پێنجشەمە ۲۵ی خەرمانانی ۱۳۷۲ی هەتـاوی و ۲۸ ربیع‌الاول ۱۴۱۴ی مانگی و ۱٦ سپتامبر-ی ۱۹۹۳ی زاینی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



خاسیەتەکانی، هەر بۆیەشە فۆلکلۆریست و زانا و پسپۆرەکان چ لەڕوی کۆکردنەوەو لێکولینەوە، چ لە ڕوی بەرا وردکردن و چەسپاندن، چ مەبەستگەلێ بەنرخ دەخولقێنن، باشیش ئەزانین بەردی بناغەی چ ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و قایم دائەڕێژن و بنیاد ئەنێن. پەندێکی روسی هەیە کە دەڵێ: گۆرانی، قوولی بیروئەندێشە و راستی‌یە، لەکانی دڵەوە هەڵقولاّنە، هەست جولاّنە، ساکاری وشت دەرخستنە، هەمو نەتەوەیەکیش گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە. گۆرانی ئاوێنەی گیانی گەل و نە تەوەو خەزینەوگەنج و بیرو ئامانجی‌یەتی. خاسیەتی گۆرانی ناوگەل، لە روی باسەوە، ئەوەیەکە لە شتی جیا جیا دەدوێ و پڕە لە هەست و خواستی قوولّ و دەولّەمەند، لەگۆرانی دا هەڵچونی ئازایانە و سۆزی دلّ دەبیسترێ، لە لای هەندێ لە ڕۆناکبیران چوار چێوەیەک بۆگۆرانی کوردی دانراوە، بە پیێ رای بیرەوەرانو پسپۆران، گۆرانی کوردی ئەکرێ، بە چەند بەشێک: گۆرانی - بەیت - لاوک - دیلوک - لاوژە - باریتی - حەیران - قەتار.

هەروەها بە پیێ باری گوتن و لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی کۆمەلاّیەتیش بەم جۆرە دا بەشی دەکەن:

۱ - گۆرانی کار: کە بریتی‌یە لەگۆرانی: (دروێنە - بێریانی - دارەوانی - کاروان - شوانی - کاسبکاری).

۲ - گۆرانی بۆنەکان (موناسبات): ئەلف - گۆرانی بوکگواستنەوە (سەماو چۆپی - شەوارەگرتن).

ب - گۆرانی پرسە و ئازیەتباری

ج - گۆرانی ئایینی.

۳- گۆرانی ڕۆژانە: کە بریتی‌یە لە ئەلف - گۆرانی مندالاّن.

ب - گۆرانی لایلایە.

ج - گۆرانی دلّداری کە (لاوک - حەیران - گۆرانی - بەستە) دەگرێتەوە.

۴- گۆرانی ڕامیاری

۵- گۆرانیە ئازادەکان.

Dr.Saleh Ebrahimi



(موسیقای شاری و نیشتمانی، گۆرانی تازه) «تومابوای»کورد ناسیش له و باوەڕه وەیه کە«گۆرانی کوردی زۆر به ئاهەنگ و بانگه و گەلێ چەشنی هه یه. گۆرانی وا هه یه، هینی شەوەو به ڕۆژ ناگوترێ. ئەوەی منالْ ئەیلێ، لەوەی گەورەو ئافرەت جیایه. ئەوەی پیرێک ئـەیلێ لەوەی گەنجێک ناچێ. گۆرانی ناو چیاکان غەیری گۆرانی پێدەشت یا جـەنگەلْ و ڕۆخـی ڕوباره کانه. گۆرانی بەیانی و نیوەڕۆو پاش نیوەڕۆ و ئێواره، هەمان گۆرانی نین و ئه گۆڕێن.»

سه یدا حاجی جندی پسپۆری کوردی دانیشتوی ولاّتی روسیه، گۆرانی کوردی ئه کا به سێ بەش: ۱ - گۆرانی کار ۲ - گۆرانی ئه ڤین و دلْداری ۳ - گۆرانی سروشت. سه یدا جندی له و بڕوایەش دایه که هونەری دانانی شیعر له گۆرانی کوردی داگەلێ جۆره...، وه کو چوارینه:

(م - م - ن - م)... هه یه، مەسنەوی و دو بەیتی وه کو:

(ر - ر - د - د)... هه یه دێڕی یه کەم و دوا دێره کەی یه ک قافیه یه، به تایبه تی گەر هات و تەنیا گۆرانی بێژێک گۆرانیه کەی وت وه کو: (ی - س - ک - ل - ی)... ئەمه و شـێوازی بانگ کردنیش لەم گۆرانیانەدا جۆراو جۆرو هەمه ڕەنگه.. به شێوه یه کی گشتی، پیاوی دلْدار به پیتی بانگ کردنی (و) و ژنی دلْبەر به پیتی بانگ کردنی (ی) بانگ ده کرێ.. واش دەبێ هەندێ واژەو وشه له سەرەتای گۆرانی دا، پتر لەجارێ ئەوترێتەوه.. وا دەبێ له شێوەی تەرجیع بەندو تەرکیب بەندا بێت.. جاری واش هه یه، برێتی و تێکەلاّوه له دو زمان وه کو: کوردی و فارسی، کوردی و تورکی، کوردی و ئەرمەنی..

ئەو تیپانەی که به تێکرایی له گەلْ گۆرانی کوردیشا ئەوترێ ئەمانەن:

(هاهو - هاهو) - (تەو تەو) - (جانی - جانی) - هاهی) - (دەلی لی لی) - (دەلو لولو) - (وەیی - وەیی) - (وەیلو - وەیلو) - (وەیدل وەیدل) - (دەیویو) - (های های) - (هیوا هیوا) - (ئەمان ئەمان) - (ئەدن) - (ئاوا) .. گۆرانی و سترانی کوردی بەم جۆره دابەش کراوه: ۱ - دیلانێ: گۆرانی شایی ۲ - زیمار: گۆرانی شیوەن ۳ - نارین: گۆرانی بوکانه یه ۴ - دیوروک: له گەلْ تەمبوردا دەوترێ ۵ - لاوک: گۆرانی شەڕو شۆره ٦ - حه یران: گۆرانی دلْداری یه. ۷ - بەسته: به هەمو گۆرانیه سوکه کانی دلْداری دەوترێ، به تایبه تی که له پاش مەقامه کان دێن ۸ - مقام: به مقامی ڕۆژهەلاّتی ناوداره و له گەلْ هەمو بابه ته شیعرێکا دەوترێ و گەلێ جۆری هه یه

Dr.Saleh Ebrahimi



۹- سۆز: گۆرانی ئایینی و دەروێشانەیە ۱۰- بەند: بەو پارچەگۆرانی‌یە دەوترێ کە لە ناو حیکایەتەکۆنەکان داهەیە، ۱۱-گۆرانی فولکلوری: کە لەگوندا زۆرە، وەك:

۱-یەك هوانراوە وەکو: خۆم و بایەقوش هەر دو هاو دەردین.

۲- دو هۆنراوە وەکو: خەوانین نەخەوکەی میون بێدار

گوش بدەن وە دەنگ ناڵەی دەردەدار

هەر کەس خەفتیە، خەو خەیری بوت

هەر کەس بێدارە جو خۆم دەیری بوت.

۳- سێ هۆنراوە وەکو:

بەو بچم نەوەیس پیرۆیمانە

لەوەیس بپرسین گونای کیمانە

کرماشان مەچم بیستون رامە

قەتلگای فەرهاد شەو مەنزلگامە

هەر کورە مەچی (الله) یارت بۆ

ئاوەکەی زەمزەم سازگارت بۆ

۴- چوار هۆنراوە:

مـن خاتر خوانیم مـن دەردە دارم

پەژموردەی روخسار خاڵەکەی یارم

تاکەی دانیشم لە سای داری بی

تاکەی بکێشم رەنجی غەریبی

خوای بانی سەر کارێ پێم کەردەن

عاجز بوم لەگیان رازیم بە مەردەن

لە دو رەو هاتم بشناسە دەنگم

تۆزی غەریبی نیشتگە لە رەنگم

کوردەواری ٢٧٥ / شەپۆل

٥- پێنج هۆنراوە وەکو:

تــاقە گــوڵێ بــوم بــەسەر یــاڵەوە
عــاجز بــوم لە دەس بـای شەمـاڵەوە
تــاقە گــوڵێ بــوم بـۆ خـۆم ئەشنیـام
بــای شەمـاڵ دای لێـم لە ریشـە کنیـام
ئــەوە مــن مــردم قــاڵم بریــاوە
گــەڵای جـوانـیە کـەم لە دار کەنیـاوە
هــەی داد هــەی بـێداد لەم بـێدادیـمە
بــێ دادیــم لە دەس شــەو تەنیـاییمە
هەی داد هەی بێداد تا کەی نەکەم دەنگ
گەوهەر فرۆش بوم مایەم بو بە سەنگ

ئەمە و شەش و حەوت و هەشت هۆنراوەش هەیەکە بە پێی ئیقاع و ئاوازی گۆرانیەکە دەگۆڕێ و کورت و درێژ دەبێتە وە:

٦- شێوەی پەخشانی هونەری هەیە، وەکو:

(لاوک - حەیران - هۆرە ... د.)

٧- بە شێکیش هەیە بە شیعری هونەری و کلاسیک، جار جارەیش بە شیعری فۆلکلۆری ئەوترێ وەکو:

## (مەقام و گۆرانی تازە)

٨- بەشێکیش هەیە لە شێوەی شیعر و پەخشان دایە وەکو: (بەندو بەیت).

سەرباری ئەمەیش، ئەم هەمو لقانە دەگرێتە خۆی:


١- گۆرانی منالآن.

٢- گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ.

٣- گۆرانی دڵداری.

Dr.Saleh Ebrahimi






٤- گۆرانی شیوەن (ئاغا میرە - زیمار - چەمەری)

٥- گۆرانی ئایینی.

٦- گۆرانی کچانە یا بالۆرە.

٧- گۆرانی کوڕانە

٨- گۆرانی مندالآنی حوجرە

٩- گۆرانی رەمەزان

١٠- گۆرانی بوکءو زاوا.

١١- گۆرانی نیشتمانی و سیاسی و شۆڕشگێرانە.


١٢- گۆرانی و سرود بۆ مندالّ و مێرمندا لاّن لە فێرگەکان.

١٣- گۆرانی یادەنگءو ئاوازی مەولود (مەولود نامە)

١٤- گۆرانی مەنەلوج

١٥- گۆرانی قەرەج و دۆمەکان

١٦- گۆرانیەکانی کار کە بڕیتی یە لە:



١- گۆرانی جوتیاران

٢- گۆرانی دەستاڕ، هارە،

٣- گۆرانی ئاسیاو

٤- گۆرانی ساوارکوتانەوە

٥- گۆرانی جونی.

٦- گۆرانی دروێنە.

٧- گۆرانی کرێکار

٨- گۆرانی بەقالّ و دێوەرەوکوتالّ فرۆش

٩- گۆرانی راوکەران.

١٠- گۆرانی شوان.باگۆرانی دیزە وگۆزە کردن و قوڕشێلان، گۆرانی سەمەنی.

Dr.Saleh Ebrahimi



## - گۆرانی میللی: نە تەوەیی:

لە نێو شارا سەر هەڵئەدا و چینێکی ناوەڕاستی نێوان جوتیارانی دێی و... چـێژی لێ وەردەگرن و لە ژێر تەئسیری فولکلۆری خۆمان و گۆرانی بێگـانە دایـە... ئـاوازە کـانیشی سەرباری تەختی خورْ هەلاّتی و فۆلکلۆری هەندێ ئامرازی ئەروپایی وەکو: (کلدزیت - ئو کوردیون - ساکسیفون... تاد) لەگەڵ گۆرانی چینی پەرەسەندوی بورژوا دا هەیە...

## - گۆرانی دانراوە:

شوێنی لە نێو شار دایە، دانەرەکەی دیارە، پتر لەسەر نۆتەی موسقا تۆمار دەکرێ... زۆر جار وەکو گۆرانی فۆلکلۆری لە نێو خەڵکا بلاّو دەبێتەوە... بەلاّم ئەم وەکو گۆرانـی‌یە فۆلکلۆری‌یەکان نیە وتەمەنی کورتە و زو دەبڕێتەوە یا ئەبێ بە گۆرانیەکی فۆلکۆری، بۆیی زانای ناودار: جەمیل رۆژبەیانی لە بارەی ناوی گۆرانی کوردی، رایەکی هەیە کە دەڵێ: «... رەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانی‌یەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە (قەتار) رەنگە لە وشەی (گاتا) وەرگیرابێ و گۆڕابێ وە لە کاتی خۆیا هەرگاتای پێ وترابێ. هەروا (هۆرە) رەنگە گۆرانی یەکی تایبەتی بو بێت بۆ ستایشی (ئاهۆرە مەزدا)... هەروەها (کـەلهوڕی) رەنگـە (کـە لە ئاهۆرایی) واتە لە گۆرانی‌یە هـەڵبژاردەکـانی بـاسی ئـاهورا بـوبێت. جگـە لەوە گـۆرانـی (خورشیدی) تا ئێستا گەواهە کەلە کاتی هەلاّتنی خۆردا وتراوە بەنـاوی نیـازەوە، چـونکە بەرامبەر بەوە، گۆرانی (خاوکەر)مان هەیە کە بۆ خەو هێنان وتراوە هۆرەش زۆر بە جێ‌یەکە یەکێ بێت لە گۆرانی‌یە تایبەتی‌یەکانی (ئاهۆرا مازدا)... یا هیچ نەبێ سەرچاوەکەی یەکێک بێت لە گۆرانی‌یە ئایینی‌یەکان. چونکە ئەبینی ئێستاش (هۆرە) هەر تەنیا هۆرەی دەروێش لەناو کورددا لە ئە مانە هەموی بەناوبانگترە، وە دور نییە (هۆرە و ئاهۆرا و هاوار) لە ڕوی واژە یا زمانەوە، لە یەک سەرچاوەوە هاتبن، وە ئەم وشە و مانایە تەواو لە وشەیەکی زمانێکی تری هیندو ئوروپی‌یەوە نزیکە،کە ئەویش وشەی (هورا)ی روسی‌یەکە بە مانای هاوار یا بڵێین - بانگ یا هەتاف - بەکار دێت،وەنزیکی ئەو ماناکوردی‌یانەیە:کەلاهور[1][2].

---

١- دور نییە کەڵهور لە (کەڵ و هور) وەرگیرابێ، کەڵ وەک کەڵەگا، کەڵ گامێش، کەڵمل: (کەل ملباوانم) کەڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



گۆرانی بەشێکی هەرە کۆن و گرنگ و بە نرخە لە بەشە کانی فۆلکلۆری کوردیمان و لەهی میللەتانی تریش، وەسەردەمی پەیدا بونی ئەم هونەرە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئادەمیزاد وبەرەی مرۆف فێری زمان گرتن و قسە کردن بووە و بەتیری عەشق و ئەوین کاری پێکراوە و نێر و مێیان کەوتونەتە ئەوین بازی و خولیای یە کترەوە.

ئەوین گرنگترین هۆی پاڵ پێوەنەر بووە بۆ دروست کردنی ئەم هونەرە لە لایەن ئادەمیزادەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کەوا ئەبینین زۆربەی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە و تراون و لەسەروی هەمو نەریتە کانی تری کۆمەڵایەتیەوە دانراون... جوانی نیشتمان و خۆرسكو سروشت تا رادەیە کی زۆر خۆیان لە گۆرانیە فۆلکلۆری یە کانماندا ئەنوێنن.[٣]

بلاو *BLAU* لە بابەت تایبەتیە کانی دەنگو ئاوازی کوردیو گرینگی ئەوانە زۆری گرینگی پیداون، دەڵێ: هەژارترین هۆزو عەشیرەی کورد لە بابەت ئاوازی دڵگیرەوەبێ نیازن، ئاوازی قارەمانانی جەنگی، عومەراغا کە لە (دیادین *DIADIN* ) جارێ شاد، جارێ توند. جارێ خەفەتاوەر، مرۆف سەرسام دەماکە خەڵکی لە دەور کۆ دەبونەوە.

لییارد لە کتێبی نینەو اوکە لاواکانی ئەوێ ج ١ - پەرەی ٢٩٢ لەبابەت شیعرو موسیقای کوردی یەزید - ی یەوە سەیرە، دەڵی: لە سەر گۆری شێخ عادی لە لالەش گوێم لە چەن ئاواز

---

بەواتای قەوی، بەهێز وەبەکینایەواتای سەروٚک، سەردار و رەئیسیش ئەدا. هور سوکەڵەی ئاهورا، ئاهورامزدا، (ئاهورمزد) کەوابێ: کەڵ هور بە تێکرا بەواتای مەزن، سەرۆك و سەرداری ئاهورمەزدا پەرستانە (رەئیسی ئاهوراییەکان) لە زمانی عەرەبیشدا هور، خور، بۆتە (هو) دەروێشی کورد لە کاتی هاوارکردن لەخوا دەڵێ یا (هو، کە دەبێ هەرهەمان: (ئاهورا) بێ یا کەڵهورئەم هۆزە کوردە، سەربە (کلاهوری پاڵەوانی فەرمان رەوای پێشوی مازندەران بێ کە کە یکاوس ویستی بیخاتە بن فەرمانی خۆی، شانامە لە چەند جێگەدا ناوی ئەو کلاهورەی هێناوە کەدەڵی:

کلاهور کەلافاوە بوٚ لە مپەران - هەمونازی هەر بەو بو مازندەران - کلاهور پەیا بو، وەك شێری نێر - سەری دالە سەر داری ئازاو دلێر - کەپەنجەی دەپەنجەی کلاهور پەراند - هەمو نا خونی وەك خەزەلوەرهەڵوەراند - کە گاسی یەکانی مازندەران کورد بون و کلاهور دەشێ لەوان بوبێ - کە ڵورو گۆران تیرە یەکن و لە تورەمەی گۆدەرز - ی کوری گەشواد - ی کوری گیو، کە ئەو گیوە وەزیری کە یکاوس بووە و هەر خۆی لە حوکم کردنا حیساو بوگەو ئەو گۆدەرز - ە دو کوری بە ناوی (گیو و (رەهام یامامەرەهام) هە بووەو لە بنەماڵەی بوختی کوردن - کوٚبە لەسەر شەرەفنامە ی ئەمیرشەرەفنجان بەکوردی پەرەی ٥٩٥ تا ٥٩٣ وە یادداشتی (شەپۆڵ).

٢ - ئاوێنە ژمارەی -١- چاپی ١٣٧١ پەرەی ٦٤ - قسەکانی بەرێز نورەدین سالەیی و دەس نوسەکانی بەرێز عەبدورەزاق بیمار.

٣- ئاوێنە ژمارەی ١١ سالی ١٣٧١ - چاپی تاران (شە پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



بوکە (بە درێژای تەمەنم قەت دەنگ و ئاوازی ئەونە خۆشم نەبیستووە کە تائەو رادە شوین دانێ و دڵ نشینیش بێ) دەنگی خۆشی نەی، شمشاڵ لە تەک دەنگ‌و ئاوازی ژنان و پیاوان ئاوێتە ببو.

یالاوژە *LAWI* یا بەیتی کورتی غەنایی کەقسە لە رازو نیازی ئەوێندارو ئەوینگر دەکا، های لەیلێ، های لەیلێ... وای لەیلێ، وای لەیلێ ئەرێ لەیلێ دەلال... و جارجارەش دنەدەری راپەرێنە لەراست هێرشکاراندا، لاوژە بۆ جەعفەراغای شکاک کە لە چهریق کە بە دەڵە دزێ لە تسەورێز بەهۆی وەلعەهد ـ ی قاجار کوژراوە[1] ، پیاو دەکا بە ئاو. بوزکۆ: عەزیزخان کوری جەعفەرا غاو برازای سمکۆیمەزن کە موی تەلایی هەبو. یا لێ جانێ لێ جانێ... سابت کراوە کە لاوژەی کوردی زۆر بەرزتر و تەرزترلە قەسیدەی عەرەبە، لەسەرەتای سەتەی ۱۱ی زاینی عەلی حەریری لە شەمزینان بەزمانی کوردی شیعرومە بەستی نوسیوە و دیوانی شیعرەکانی بەدەس نوس بەدەس واسیلی نیکتین گەییوە. مەلا ئەحمەد ـ جزیری عارفی رەبانی بە شێوەی غەنایی، شیعری ئەوی‌لە ریزی شاعیرانی بێ هاوتا داناوە ـ فەقێ تەیران: چریکە و مەنزومەی ئەسپ ـ ی رەش یاشەودێز، مەلای باتە دانەری مەنزومەی دمدم، حەکیم ئەحمەد ـ خانی دانەری مەم وزین بە شیعر ـ ی کلاسیکی، عەروزی، یا عەلی تەرە ماخی‌کەلە ۱۰۰۰ی مانگیی و ۱۵۹۱ و ۱۵۹۲ی زاینی کتێبی کوردی نوسیووەو ئیسکەندە رژاباله شاری ئەرزە رۆم چاوی بەو کتێبە کەوتووە،کە دەستوری زمانی کوردی‌یە. ۱۰۰ پەرەیە و عەبد رەقیب ئەم دەستورەی دیو ە[2].

یا ئەشعاری کوردی بەزاراوەی لوری‌و کونی کوردی: بابا تاهیر ی کورد[3].

---

۱ـ پێشکار: ئوستانداری تەوریز بەقورئان سوێند دە خواو قورئان بۆجە عفەرائما مۆر دەکاو بەفریودان وسوێندی بەدرۆ بانگی دەکە نەدار حوکومەی تەورێزو بەرەشە کوژی جەعفەراغای چهریقیان کوشت. کورد و کوردستان واسیلی نیکتین تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی پەرەی ۱۸۶ و ۱۸۷ چاپی ۱۳٦٦ و بە بەیت و لاوژە بە کوژرانیدا هەڵوتراوە. و. نیکتین کەژی ۱۲ (شە پۆل).

۲ـ (ژیناوەری زانایانی کورد... (شەپۆل).

۳ـ عوریان پەراوەی کورد و کوردستان نوسراوی واسیلی نیکتین پەرەی ۵۸۰ و ۵۸۱ و... تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی. ئەبی بڵێین: شیعری غەنایی کوردی بەئیلهام لەژن دەوترێ وەک‌لای لایێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



# دەنگ و ئاواز یا موسیقی کوردی

کەسایەتی و خوو ئاکارو داب و دەستورو لێهاتویەکانی بنەرەتی، وە تەنانەت خەوش و عەیبگەلێ کە دەبێتە هۆی جیایی نەتەوەیەک لە نەتەوەیی دیکە، بە نبوغی ئەو نەتەوە ناو دەنرێ[١]

## دەنگ و ئاواز یا موسیقی کوردی

ئاواز، یەکێکە لە هەستە دەروونییەکانی یەک نەتەوە، بەشێ لە دام و دەزگای هەناسەکێشانی زۆربەی گیان لەبەران لە لێو یا دنوک و دندوک تا دورێیانی خرخراکەو قورگ لە تەک سی پەلاک و ئەندامانی نەفەس کێشان، لە کاتی ئەنجام دانی ئەرکی ژیانی سەرشانی خۆی، توانایی بەدیهێنانی دەنگیشیان هەیە، گشت گیان لەبەرانێ کە بە دەم دەنگ دەردەبڕن، خۆی جۆرێ ئاوازە، ئاوازی قەناری، دیقل (کەڵەشێرو کەڵەباب)، بولبول، پەپوسلێمانە، کوند، ئەسب، گورگ، گوێدرێژ، داڵ، شێر، پڵینگ، کتک (پشیلە)، سەگ، بۆق و سیسر[٢].

---

١- (ویلتێر، پەراوەی فەرهەنگی فەلسەفی، نەقل لە واسیلی نیکیتین، تەرجەمەی محەمەد قازی، کوردو کوردستان، بلاّوکی نیلوفەر - ١٣٦٦، پەرەی ١٥٩).(شەپۆل).

٢- دەنگ: حیلە، لورە، سەرەسەر، زریکە، میاو، قرەقر، تەپەتەپ، بۆڵەبۆڵ، زرمەزرم، خرمەخرم، بۆرەبۆر، قیرە قیر، زریکەزریک، قیژەقیژ، زرەزر، هاژەهاژ، زرەزری زریزە، مرخەمرخ، قلمەقلم، قلپەقلپ، چریکە چریک، چریکەی دەنگ و ئاواز، تێچریکاند، شریخەشریخ، شریقەشریق، بروسکەبروسک، خاوەخاو، زرنگەزرنگ، ترپەترپ، هاسکە هاسک، تاسکە تاسک، هەسکەهەسک، هەنسکە هەنسک، قۆرەقۆر، قوڵتەقوڵت، پشم وهۆر، پژم وهۆر، میزەمیز، بریکەبریک، چەقەچەق، شاپەشاپ، قرخە قرخ، فرتەفرت، گرمەگرم، زرم وکوت، خنکەخنک، چکەچک، تکەتک، قرتەقرت، گارەگار، قریشکەقریشک، ئاخ، ئۆخ، ئۆخەی، ئافەرین، هاوار. - هەروەها واژەگەلێ وەک ئافەرین کە واتای فیعل بدا، شیبە یا شەبیهی جوملەی پێ دەڵێن. ئافەرین یانی پەسەند و ستایشت دەکەم. بەڵام ئیسمی سەوت یا ناوی دەنگ تەنیا دەنگی تایبەت بە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەربڕینی ئەو جۆرە ئاوازو دەنگانە لەو جۆرە گیانلەبەرانە، خۆی بۆ جۆرێ پێوەندی لە تەک هاونەوعانی خۆیاندایەو لە لایەکی دیکەوە نومایشی لێهاتوویەکانی خۆرسکی یە لەواندا، یانی منیش هەم... ئەشگونجێ بۆ دەربڕینی عەشق و ئەوین بێ یا بێزاری، ناڵە، دەربڕینی ئێش و دەرد... هەر جۆر بێ بۆ دەربڕینی هۆی دڵو دەرونە، بێ‌شک، لە دنیای خیلقەت‌دا، دەنگ بەر لە واژە هاتووەو بیری مرۆڤ زۆر بەر لەوەی واژە گیربێنێ، هەروەک زیندەوەری دیکە یا کەمێ سەرکەوتوتر لەوان، تەنیا بە هۆی کەرەستەی تازەوە، رازی دڵ و دەرونی خۆی هۆنیوەتەوە. ئەشگونجێ کە ئاهەنگ‌گەلێ بەرفرە، بەر لە پەیدابوونی یەکەم بێژە هەبووە، لام وایە لەم دەورەدا هەندێ لە بزوێنەکان کە لە سەرەتایی‌ترین شکلی دەزگای وتاری بەدی دێن، لە نێو دەنگ و ناڵەو زنازنادا خۆیان نیشان دابێ. تایبەتمەندی شکڵ و نەرم و شلی ئەم دەزگایە لە ئینسان دا بۆتە هۆی پەیدابوونی یەک دوو پیتی «ب» و «د»، بێ‌دەنگی لێو و دیان، وە بیریش زۆر بە لەز ئەوانەی سەبت و زەبت کردووە.

بە پەیدابوونی کەلام و پێوەندی بیرو ئەندێشە سیلولەکانی مێشکیش رێگای پێ گەیشتنی زیاترو شوێندانانی موتەقابیلی لەسەر ئەندامەکان گرتۆتە بەر، واژە بێجگە لە بایەخی وێژاوەری و نیشان‌دان، ساختی ئاهەنگ و دەنگی هەیە، نیزامی تەنەفوسی‌و مەکانیزمی دەزگای وتاری، ئەو ساز و ساختەی بە واژە داوە کە بە هۆی ئەم تایبەتمەندی‌یە، دەتوانێ لەگەڵ پاراستنی باری پیتەکانی، بە وێنەی ئاهەنگیش بەیان بکرێ. بوونی واژە لە ئاهەنگدا پێوەندی مێژووی لە نێوان ئەو دووانەدا راگرتووەو دەنگ و ئاوازیش بەرهەمی پێوەندی ئەم دوانەیە، ئەبێ بزانین موسیقی رەسەنی کوردی، بەر لە زمانی کوردی بە وێنەی ئاوازی تەنیا هەبووە، پێگەیشتنی دەنگ‌و ئاوازی کوردی زۆر بە خۆرسکی هاتۆتە پێشەوە، چونکە کورد و خۆرسک پێوەندی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیەو ئەو پێوەندی‌یەش هەروا بەردەوام پارێزراوە، ئاوازی کوردی، وەلامی ناڵەو زاڵەی گیانیەتی کە ئازادانە لە چیاو کوێستانی رەنگین دا ژیاوەو

---

مرۆڤ وەک: قیژەقیژ یا دەنگی تایبەت بە ئاژاڵ وەک قاسپە قاسپ یا دەنگێ کە لە ژینگە و خۆرسکە دا هەیە. وەک خشەخش، کەوابوو دەنگ لەگەڵ ناوی دەنگ لێک جیان.

دەژی. دەنگ و ئاوازی کوردی، پەلەوەر، تافگەو سروەی دەم کەل، لە دڵ و دەرونی گشتیان، بە تایبەتییەکی تایبەت بە خۆیان فێری بوون. خاتو جەمیلە جەلیل، لێکۆڵەری کورد لە بەشی شۆرەوی بەروو لە ساڵەکانی ١٩٨٨ی زایینی لە سەر دەنگ و ئاوازی کوردی و دانانی نۆت بۆ ئەوان، دەڵێ: دەنگو ئاوازی کوردی، دەنگدانەوەی ئاهەنگی شاخی رەنگینی کوردستانە. دەنگو ئاوازی سوێند، هی باو باپیرانمانە، هاژەو خوشینی ئاوی چەمە خورین و تاڤگە پرهاژەو گیڤەکانە، کە لێرەو لەوێ ئەو ئاقارە، دەبیسرێ. دەنگی کزەبای سەر دوندی کێوە بەرزەکان و دەنگو ئاوازی باڵندەوقاسپە قاسپی کەو لە بناران و بارەباری مەرو بەرغەل، نەعرەی سواران و ... ئایا ئەمە مێژووی زیندووی نەتەوەی کورد نیە؟ ئەم خۆرسک بوونەی دەنگو ئاوازی کوردی تەنانەت لە کر و تەونیشدا دەنگی داوەتەوەو خۆی نواندووە.

شیعرو هۆنە لە دانانو سازدانی ئاهەنگ و دەنگ و ئاوازی کوردی، لە دەزگاو شێوەی جیاجیا، چ لاوژە، حەیران، قەتار، بەیت، سیاچەمانە، هۆرە، ئەڵلاوەیسی، بالۆرەو لاواندنەوەو... (باوەکو لە زۆربەیاندا ساز توانایی هاورێیکردنی لەگەڵ ئاواز خوێندا نیە)، هیچ شوێندانانێکی نەبووەو نیە. واژە بە جۆرێکی وا لە ئاوازدا دەتوێتەوە کە زۆر ئاستەمە بدۆزرێتەوە، بڕگەگەلی کۆنی موسیقی کوردی هێمان هەن کە تەنیا بە ساز (و شمشاڵ و ...) بە بێ‌دەنگی ئاوازخوێن ئەبرێ بەرێوە، هەندێ لەوانە زۆر کۆنن، هەندێکیشیان ریوایەتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردە، کە بە زمانی خۆیان بە دەنگ و ئاواز دەیڵێن و دەی‌خوێنن. لە ئاوازی تایبەت بە هەڵپەرکێ، کە برێکیان بە بێ ساز دەخوێندرێن. ئاهەنگ و بەتاڵوکە خوێندن بە پێویستی هەڵپەرکێ کەران دەگوردرێ، کەچی ئەو شیعرانە دووپات دەبنەوە.

ئێوە کەمێ لەم چەند شیعرە جوانە بیر بکەنەوە کە حەکیم مەولەوی کورد لە وەڵامی ئەحمەد بەگ کۆماسی دا بە زاراوەی کوردی هەورامی لە پەسەندی بوکی کوردی دا فەرمویەتی، ئەبێ ئەمەش بڵێین: زاراوەی کوردی هەورامی هەر دەڵێی خوا بۆ هۆنەو شیعروتنی بەدیهێناوەو خوڵقاندویەتی.

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەر لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ

Dr.Saleh Ebrahimi



شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کلاو　　ورشەو پرشەی خۆی کولـــم و بۆ گلاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپلەو حیلەی نەرم　　چریکەی وە ناز تریکەی وەشەرم
سەمای دەسمالان، رەمای نەوهالان　　نەمای مەلالان نمای وەش خالان

دەی با بزانین لێکۆڵەرانی هەندەران سەبارەت بە دەنگ و ئاوازی کوردی بیرو رایان چیە و چلۆنە؟ واسیلی نیکیتین لە پەڕاوەی کوردو کوردستان[1] دەنووسی گشت جیهانگەڕان لە بابەت ئاوازی کوردی‌یەوە، زۆر بە گەرمی و عەجباتەوە، یەکسان قەسەی لێدەکەن. زۆری لە گۆرانیەکان بە نۆبە، بەکۆڕو گەڕەلاوژە دەخوێندرێ، گۆرانی دروێنەوان لە بابەت فەرهادو شیرین چەند هۆنەیەک، لە ئەشعاری (تاس) کە لۆتکە لێخوڕەکانی (ونیزی) دەی‌خوێنن دێنێتەوە بیر[2].
بلاو دەنووسێ: بێ ئەنواترین هۆزەواری کورد، لە بابەت گۆرانی و ئاوازی دڵنەواز،

---

١- پەڕەی ۳۰۱ی چاپی ۱۳۶۶ تەرجەمەی محەمەدی قازی بە فارسی، دەنووسێ: نیکلامار لە کتێبی خۆیدا (لە بابەت واژەی چەڵەبی، پەڕەی ۱۲۷ تا ۱۲۹، واژەی چەڵەبی یانی خودایی، واژەیەکە کوردی، بەلام تورکیش بە کاری بردووەو لە کوردی وەریگرتووە. چەڵەب: خودا، نەجیبزادە، خودانی بوت پەرستان، باش، نیژاد، شازادە، پیر، دەورەگەڕ، خونیاگەر، گۆرانی‌بێژ، کوری بەگ، ئاغازادە. چەڵەبی: ئیسمی مەنسوبی چەڵەبە. یەزیدی (ئێزدی - یەزت)، ئێزدی‌یەکان خودایەکیان بەناوی چەڵەب دەپەرست و عیبادەتیان بۆ دەکرد. هەندێ دەڵێن: واژەی ئاخری (علی اللهی) لە چەڵەبی وەرگیراوە، خوندەکوڕ، یا کوڕی خوا بەکار براوە. یەزیدی پێوەندی بە (یەزید بن معاویە یا یەزید بن ئەنیسە) نیە. یەزیدی لە ئێزدی (یەزت) بە واتای خوا، وەرگیراوە، چەڵەب: کەرەستەی موسیقی: دو سەفحەی برنجی کە دەی‌کوتن بە روی یەکدا، زنازنا، شۆر، غەوغا، دەنگە دەنگ(سنج). عەشایری کورد کە پەیڕەوی ئایینی یەزیدی (ئێزدی - یەزت)ن دوو جۆرن، رەشپۆش، سپی‌پۆش، لە نێو رەشپۆشان دا رۆحانی سەرهەڵدەدا، رەشپۆشان بە چەڵەبی ناودار بوون نەک یەزیدی، هەرچەند هەندێ لە رەشپۆشان بەناوی فەقیران دەناسرێن کە جۆرێ مەلای یەزیدی‌یە. یەزیدیان بە بێخەوش بوونی خوێن و ئەسڵ و نەسەب و ئەعیان و ئەشرافی خۆیان دەنازن. ناوی چەڵەبی لە شاری مەهاباد وەک (عبداللە) چەڵەبی هەیە. تورک چەڵەبی لە واتای ئەرباب و خاوەن ماڵ بەکار دەبا، چەڵەبی لە ئاوازی عامیانەی تورکی و لە وتووێژی عامیانەی عەرەبی سوری: (سوریە) هاتووە کە دەڵێن (حەلەبی، چەڵەبی، شامی شومی، مسری حرامی) یانی: (حەڵەبی لەتیف و زەریف، شامی(دیمشقی) شوم، مصری دز). واژەی چەڵەبی کوردی‌یەو مێژووی کورد لە خۆیدا نیشان دەدا، واسیلی نیکتین کوردو کوردستان، تەرجەمەی محەمەد قازی، پەڕەی ۳۰۱و ۵۰۰ تا ۵۰۷ چاپی ۱۳۶۶).

٢- ٣ـ تاس Tasse شاعیری ئیتالیایی (۱۵۴۴ـ۱۵۹۵) کە شیعری غینایی و حەماسی وتوە، جا لەبەر ئەوەی کەوتە بەر ئازارو شکەنجەی خێوی کلیسا، لە حاڵێکی نزیکی بە شێتی مرد.

بەهونەر زاحاودرێ، لەوشوێنەی کەهونەر لەخۆرسکو فیترەتی پاک و زولاڵی ئینسان سەر چاوەی گرتوەو لەهەمو شئونی ژیانی مرۆڤ رەنگ ئەداتەوەو لە گەڵ عەواتیف و رۆح و هەستی مرۆڤ پێوەندی راستەو خۆی هەیە، لەبەر ئەوە، بەزەمان یامە کانێ تایبەت کورت نابێتەوەو ئینسان بەدرێژایی تەمەنی خۆی، هەمیشە لە گەڵ جوانی و هونەردا ئیش وکاری هەبوە.

بەڵام ئەبێ بزانین: **واتای هونەر چــی‌یەو بـەچ کـارێک دێ؟** لەنـاساندنی هـونەردا دەتوانین بێژین:کە هونەر، هۆیە بۆ سەبتو زەبتی عەواتیفی ئیلاهی و خودایی و هەستی پاک و بێخەوشی رۆحی ئینسانی لەقاڵبێکی دیاری کراودا .

هەروەها هونەر، هۆیە بۆ راگەیاندنی ئەم هەستە، لە دنیای بیرو مـێشکەوە، بـۆ دنیـای دەرەوەوبۆ نێو خەڵک و کۆمەڵگای بەشەری.

فێرکردنی ئەوە بەخەڵک، نە کردنی ئەوە لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێ‌تر، بە تەناسوبێ کە هونەر بتوانێ کە ماڵی مەحزی رۆحیۆ مرۆڤانی لە دنیای دەرەوەدا بنوێنێ و جوان نیشانی‌بدا، لە کەماڵی خۆی نێزیک‌تر بێتەوەو بەراوەژوش، هەرچی لەمە (عەینیەت بەخشین بە کەمـاڵی رۆحانی مرۆڤ) فاسیلە بگرێ، بێ بایەخترو بەرتەسکتر ئەبێتەوە کەوابو، هونەر هۆیە کە زۆر شوێندارە بۆ گۆڕان و گۆڕاندنی تەواوی لایەنە کانی باری ژیان لە کۆمەڵایەتی‌دا.

**هەروا هونەر خێوی ریسالەتی مرۆڤ سازیشە**

هونەر بە کەڵك وەرگرتن لەم تایبەتیانە ئەتوانێ بەناوی یـە کـێ لەشـوێن دانـەرترین و گرینگترین کەرەستە، بۆ عومق بەخشین بۆنیشاندانی حەقیقەت و ناسینی مەعارفی ئیسلامی کەڵکی لێ وەر بگیردرێ.

مێژوی ئیسلامو لایەنە جیاوازە کانی رامیاری، کـۆمەڵایەتی **خووئاکاری «ئەخلاقی»** سیرەو رەوشتی ئەنبیا وپیاوچاکان و خوو ئاکار باشان هەروەهاکەسایەتی‌یە، دینی ورامیاری یە کان بەدرێژایی مێژو ئە کرێ بەوێنەی خونجاو، وگونجاو بەبیرو رای جیاجیاوە، لەقاڵبو بیچم ودیمەنی هونەردا نیشان بدرێن.

هونەر ئەتوانێ زمانی راگەیاندنی حەقایق‌بێ، بەتایبەت لەو شوێنانەی زمان هێزی

Dr.Saleh Ebrahimi

بەیانی بۆ نەبێ ولەتەوسیف و پەسن و تیگەیاندنی جوانی رۆحی ئینسانی و مرۆڤانی عاجز بن.

بەلاّم ئەمرۆ لەزۆر بەی نوختەی جیهان ئەوەی بە ناوی هونەر هەلْ ئەداو لەفەزاو هەوای نەخۆشی (نوّی بونەوە) و (شارستانیەت) بالْ و پەرپان دە کاتەوە، تکنیك وكەرەستەی هونەرە، نە رۆح و حەقیقەتی ئەوە، نەخشی تکنیك لە هونەردا تەنیا سەبت و زەبت و نەقلّی هونەرە.

دیارو رونە کە هەرچی تەکنیك ـی هونەروەر لەیەك هونەری قوی تردا بێ لەراستیدا ئەداو بەیان و تەوصیف و پەسنی ئەو هونەروەرە لەبابەت هەستی خوّی زیاتر و کاملّتر ئەبێ، نەتەوە رۆژاوایە کان لەروی بنەرەتێکی راست و دروست وموفەق بـۆفێر کـردن و بـارهێنانی تاکەتاکی شیاوتە قویەتی تەکنیك‌ی پێوەندی‌دار بون: ناودارانێ لەدنیای هونەریان هێنایە مەیدانەوە، کەلەباری هێزی بەیان کردن ورونکردنەوەو تەکنیکەوە، بێ وێنەن بەلاّم ئەمە بەم واتایە نیە کە هونەر لەرۆژاوا داگەیشتوّتە پلەی کەمالْ وجەمالّی خوّی، بەلّکو لە بەرانبەردا هەر ئەو نەتەوانە لەروانگای دەسمایەی مەعنوی هونەر (هەستی بەرزی و عاتیفی) زۆر لەخۆر هەلاّتی یە کان کز ترو نزم ترن، هەروا نابێ لەبیر بکرێ کە هونەر تەنیا لە تەکنیك ساز نەدراوە. بەلّکو تەکنیك هۆیە بۆبەدی هێنانی قالّبی زاهیری هونەر، ئەگەر هونەروەرێ، لە بارو بابەتی تەکنیکەوە بەتەواوی قەوی و لەحەدی نەوعی خوّی بێت، هێمان یەك هونەروەر بەراستی نایەتە ژمارە، چونکا هونەر تەنیا بریەتی: لە صەنعەت و تەکنیك و زانستنیە.

هونەر کوّمەلّەیەکە لە هەست و تەکنیك لە گەلْ صەنعەت دایە، تەکنیك ئەبێ بەنۆبەی خوّی گوّیای هەستی بەدی هێنەری خوّی بێ، ئەنا تەکنیك ـی خالس هەرچـەندە بـەرز و لەحەدی کەمالّی خوّی بێ، بێ رۆح و گیان ئەبێ، یانی هونەر نیە، بەلّکو تەنیا صەنعەتە.

لەپێوەندی لەتەک هونەردا لەدنیای ئێستاکەیشدا ئەبێ بوترێ کە رەوشتێ کە مەکۆگەلی هونەری، تەنات ناودارترین هونەرستانەکانی جیهان لەریشتەگەلی جیاجیای هونەری یان گردوّتە پێش بریەتی یە، لە گرینگیدان بەتەکنیك‌ی هونەر، بێ ئەوەی بەدابین کردنی هەستی عولوی‌یانی: دەسمایەی ئەسلّی هـونەر.. سـەرنجێکی یـان داو لەدابـین کـردنی دەسمـایەی مەعنەوی هونەر، هەمویان بە تەقلید ـی خود بە خودی ئیحساسی یەکترین و بە پەیرەوی کردن

لەهەست و ئیحساسی عادی قوتابیە سەرەتاییو هونەر خوازەکان لەجەرەیانی پەروەردە کردن و تەقوییەتی تەکنیکدا ئیکتیفایان کردوە.

بەم جۆرە، تەکنیک ـی قەوی تێکەڵ بەفەقری مەعنەوی (ئیحساسی عولوی: هەستی بەرزی) لەجیهانی هونەردا هەروەکو گورزێک بوەکەدرابێتە دەس تاکە تاکی ناباشو ناشیاو تا... لەحاند سەر سورمانی بیرو رای گشتی، کەرەستە ودەسکردی خۆیان نیشان بدەنو سەر لەخەڵک بشێوێنن و نەزانانە واداریان بکەن بە ئافەرین وتنو چەپڵە رێژان.

بەگشتی ئامانجی هونەرچییە؟ هەرچەندە، وەڵامی ورد وراست بەم پرسیارە، پێوەندی بەناسینی ورود و قوڵی هونەرەوە هەیە، بەڵام بەکورتی ئیشارەو ئاماژە یەک بە ئامانجی هونەر بۆ ناسینی پێوەندی هونەروچاوورا وراگەیاند زەروری یە، ئامانجەکانی بنەرەتیو گرینگی هونەری ئەصلو رەسەن وجسن وحەقیقی بریەتین لە:

١ـ تیف تیفەو تەلتیفەی روحی خاوەن هونەرە کە لەنەتیژەی پەرەگرتن وقوڵ کردنی هەستی بەرزی رۆحی هونەروەر لەکۆمەڵدا (چونکا حەقیقەتی رۆحی هونەر پێوەندی بە رۆحی هونەروەرەوە هەیە).

٢ـ زیندوکردنەوەی عەواتیفێ کەبە وێنەی خۆرسکو تەبیعی لەنێو مرۆڤگەلدا بەوەدیعە دانریاوە.

٣ـ بەدی هێنانی یەکبون و یەکیەتی رۆحی لەکۆمەڵدا، بەو مەرجە، کە هونەری حاکم لەکۆمەڵدا لەکاناڵی دروستەوە: (ئیحساس و رۆحی هونەروەرانی بەرپرس سەر چاوەی گرتبێ.

٤ـ بوژانەوەی جوانی و زێبایی خۆرسکو فیتری کە لەسروشتی مرۆڤدا دانراوە، بەڵام لەبیر بریاوەتەوە.

٥ـ بەدی هێنانی تەنەوع لەواقیعیات و حەقایەقی ژیاندا کە لەسۆینگەی یەک نەواختی، ماندوکەر بۆتە مەلال هێنەر کە دیارە ئەم جۆرە تەنەوعە، ئەبێ بۆ پێگەیینو هەڵدانی باری مەعنەوی هونەر بێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

٦ـ سەرەنجام هونەر لە پلەی بونی خوێدا، جوانی رۆحی مرۆڤ لە قاڵب و شکڵی مەلموس و بینراو دا ساز بوگەو نیشانەکانی خوا باشترو روناکتر بە کۆڕ و کۆمەڵ نیشان ئەدا جا دیارە بەسەرنجدان بەم هێزی نفوزە سەر سوڕما نەوە، کەلە نێو خەڵکدا بەیانی کردوە، کە هونەر هەروەکو زۆر بەی پەدیدەکەلی بایەخداری مەوجود لە کۆڕو کۆمەڵگای بەشەریدا، هیچ کاتێ لەدەس درێژی حاکمانی ستەمکار، پاراستراو نەماگەو هەمیشە لە خزمەتی حوکەمەتی ستەمکار دا بوەو لەوە، بۆ باری ئیستحمارو ئیستثمار ـی گەلانی دنیاکەڵکیان وەرگرتوە.

هونەر، یەکێ لە باشترین و لەبارتیرینی کەرەستەی چاوو رای ئیستعمارگەرانە، بۆ دا سەلماندنی جینایەتیان، ئەمرۆش لەشکڵی پێچە لە پێچترین دا و بە تەکنیک گەلی زۆر پیشکەو توتر لە خزمەتی دیوە زمەکانی خۆرهەڵات و خۆراوادان.

لەوشوێنەی کە هونەر لەگەڵ عەواتیف و رۆحی مرۆڤ پێوەندی نێزیکی هەیە بەئاسانی ئەتوانرێ لە لایەن حوکومەتەکانەوە بۆ راکێشانی خۆشەویستی خەڵک و خۆکێشانە نێو ئەوان کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

جا لەم روەوە زل هێزەکان بۆ بەدی هێنانی مەبەستی شومی خۆیان لە لایەنی جیاجیای فەرهەنگی رامیاری، ئابوری و... لەهونەر کەڵک وەردەگرن. ولەئاکامدا ئەم پەدیدە بایەخدارە کەئەبو، هۆ بێ بۆ بێداری و روشت و پێشکەوتی مەعنەوی خەڵک، ئەبێتە هۆی مەست بون و ئەحمەق بونی خەڵک وەهەروا ئەبێتە هۆی سەرگەرمی و سەر قاڵ بونی دارا و دەوڵە مەندەکان.

باشترین نمود ـی عەینی ئەم هونەرە کراوە و گۆڕیاوە، هونەری شاپە سەنە، کەهۆی لەناو چونی خو و ئەخلاقی چاک بو.

بەگشتی گرینگترین مەسەلە یەکێ لە هونەردا ئەبێ لە بەر چاو بگیردرێ، تەلتیفی عەواتیف و تەهذیب و باش بونی کەیفی هەستی هونەروەرە، تا زەمانێ کە ئەم کارە حەیاتی یە، لە چوار چێوەی هونەردا لەبەر چاو نەگیردرێ، هونەر، جێگای ئەسڵی خۆی نادوزێتەوە.

ئێستاکەزانیمان رۆحی هونەر، پێوەندی بە جۆری رۆحی و پاکی دڵ و دەرونی هونەروەروە هەیە، جاکەوابێ، ئەبێ هونەروەر بەدڵی پاک وبێدارەوە چ لە زەمینەی سینما، تەئاتر،

رادیو، تلویزیون،شیعر وهونه، چریکەو چیرۆک، نەقاشی، موسیقی، سازو ئاواز و...خەریکی نوواندنی هونەربێ

* * *

Dr.Saleh Ebrahimi

# نەو روز ؛ تازە بونەوەی بیرە وەری گەورەی خزمایەتی ئینسان و سروشت و خۆرسکە

گزینگی بەهارو چرۆدانی دوبارە، مزگێنی نەو رۆزوها تنەوەی ساڵی‌نۆی بەهات‌ئەدا لەهەروە رزێکدا، لەهەرکات‌و سات و کاوینگێکدا هەموشتێك تازە و نۆی ئەبێتەوە، هەرزەمان، دونیا و ئێمە و گشت کایینات لە حاڵی گۆڕان و گوڕیاندان. بەلاّم، نەورۆز ئاووهەوایێ تری هەیە، کاتی‌چرۆ دان و گوڵ و غونچەدانی دوبارەی خۆرسك و سەرە تای کەژی نۆی‌بونە وەی دوبارەی سروشت وجیهانە.

بەگزینگی نەورۆز دارو گژ و گیا و گوڵ نەفەس‌و هەوایێ تازە هەڵ دەمژن و جوان و شاد و تەرو پاراو و عەتراوی ئەبن، چومەڵە و چەم دێنە جۆش و خرۆش و مەل‌و باڵندەکان دوای ماوەیەك کز و کەنەفتی‌وکە سیرەبون، دوبارە باڵ ئەگرن و دەستە دەستە و پۆل پۆل سترانی تازەی ژیان دەخوێنن، کۆتر دەس‌دەکا بەگمەگم و کەولە کۆساران دە قاسپێنێ و پاساری لەسەر دار و گوێسوانان دەجریوێنێ و بولبول لە نێو گوڵ دەخوێنێ و چینە لە ریشەی دڵ و دەرون دەکا. رۆژگرو نوری تازە بە سەربانی ژیانی مرۆڤدا دە پرژێنێ و خوێن‌لە شادەماری

Dr.Saleh Ebrahimi

ئینساندا بە خۆرسک دەگەرێ و مرۆف گەش و شادئەبێ.

نەورۆز لەهەمو شوێنێکی زەویدا خۆی دەنوێنێ، هەست ئەکرێ و خۆنیشان ئەداو زەوی دەرازێنێتەوە و دونیا دەخەملێنێ نەورۆز تایبەت بە شوێنێک لەم گۆی ئەرزە نیە، هیچ فەرهەنگ و مەرامێ تایبەت نیە، نەورۆز جێژنی لەدایک بونی خۆرسکی ئینسانە. نەورۆز یادی سەرکەوتنی بەهارە بەسەر ساردوسری زستاندا، یادگاری زاڵ بونی کاوەیە بەسەر زوحاکی زاڵم و مارزدا، نەورۆز جەژنی نەتەوەیی یە، کە هەمو دەیناسن کە چییە،نەورۆز هەموساڵێک دەگەرێتەوە و دەکرێتە جێژن و شادی، هەمو ساڵێک. قسەی لێوە دەکرێ، رۆژیان و تووە و رۆژمان بیستووە دیارە ئیترنیازی بەتەکرارو دوپاتەکردن نیە؟ چونکاهەیە، مەگەر خۆت نەورۆزتەکرار کەیتەوە؟ جاکەوابێ باقسەکردن لە نەورۆزیش بەتەکراروچەن پاتە ببیسین. لە زانست و ئەدەبدا تەکرار بە مەلال هێنەر و بێهودە دانراوە، ئەقڵ و ئاوەزتەکرار پەسەند ناکا، بەڵام هەست و ئیحساس، تەکراری پێ خۆشە، خۆرسک و سروشت تەکراری خۆش دەوێ، کۆرو کۆمەڵگا ، نیازی بە تەکرارە. خوسک و خۆدکرد لە تەکرار ساز دراوە، کۆمەڵگا بە تەکرار، هێزو زە دەگرێ، ئیحساس بە دوپاتەبونەوە،گیانیوە بەردێ، نەورۆز چریکە و چیرۆکی جوانی و خوشیکیە، کە لەودا تەبیعەت و خۆرسک ئیحساس و هەست و جامیعە و کۆرو کۆمەڵگا پێکەوە دەس بەکارن.

نەورۆز کە چەندین سەتەیە نازوفەخر بەسەر جیژنەکانی دیکەدا ئەکا لەبەر ئەمەیە، کە قەراداوێکی دەس کردی کۆمەڵایەتی،یا یەک جێژنی داسەپاوی رامیاری نییە، جەژنی جیهانە و رۆژی شادی ئەرزە. ئاسمان و رۆژ، هەروا خرمەو چرتەو قرتەی چرۆدان و گوڵ و هەڵدان و لە دایک بونی خۆرسکە و پڕو تەژییە لەکەف وکوڵی هەر سەرەتاو پەیدابون و بوون و هاتنە بوون.

بەڵام جێژنی ئەم و ئەو، زۆربەی دەم وکات و سات خەڵک و ئینسان لەکارگە، موچەومەزرا، دەشت و سارا، کوچە و کۆڵان و بازار، باغ و باغات و دەشتی کشت و کاڵ دەگێرێتەوە ولە نێو تاوڵەو هۆدە و لەژێر میچ و پشتی درگای بەسراوداکۆ دەکاتەوە، قاوەخانە و

چایی خانه و کافه و کاباره، ژێرزەوی و سالۆن و خانوبە رەکان لەهەوایێ گەرم بەنەوت و گاز، روناک بەچرای لە رزوک بە دوکەڵ، جوان و رەنگین بە رەنگ و... بەلاّم نە و رۆز لە ژێر میچی قورماوی، درگای داخراو، هەوای خەفە، لە نێو دیوارە بە رزو پڕلەدرزە کان کە بە جاڵجاڵوکە تە- نراو لە شارولەدێ لە نێوماڵ و لە نێو چوار دیواری دڵ تە نگدا، دەسی مرۆڤ دە گرێ بەرە و داوێنی ئازاد و بێ کەناری خۆرسک،رای دە کێشێ: کە بە هارگە رم و بە تیشکی رۆژ روناک و تەڕی یە لەلە رین و لەرزین و شادی ئافە رینش و خولقاندن و بە دیهێنان، رازاوە بە با و باران، بێنی خۆش، پنگە و ئاخە لیوە، لق و پۆپی داخزاوی باران ویکەوتو، پاک و جوان و دڵگیر و...

**نە ورۆز تازە بونە وەی بیرە وەری یە کی گەورە یە، بیرەوەری خزمـایەتی ئینسـان و خۆرسک و تەبیعەت، هەموسالێک ئەم روڵەفەراموشکارە، کە سەرگەرمی کاری دەس کرد و سازدانی سازدراوی دەس و قەڵەمی خۆیەتی، دایکی خۆی لەبیر ئەباتەوە، بەهاتنەوە بیری نەو رۆزی پیرۆز، دەگەڕێتەوە داوێنی ئەو و یەکتر بینینەوە ئەکاتە جێژن.**

**لەگەڵ ئەو داڵە بوژێتەوە، ئەم دیدار و یەکتر بینینە دەکاتە جەژن و شـادی. رۆڵە لەباوشی دایکدا، خۆی دەبینێتەوە ودایکیش لە کەناری زاروکدا، لەشـادی و خۆشیـان چرۆئەدا و ئە پشکۆیو خونچە ئەدا، رۆندک و سریشکی شادی لەلێو ئەبـارێ، هـاواری شادی ئە کا و دەس ئە کابە گاڵە گاڵ و چریکە چڕین، جوان ئەبێتە وەو دەچێتە وە سـەر دۆخی جاران، دە بوژێتەوە و دە ژێیتەوە، بە دیتنی یوسفی بینا و بێدار ئەبێتە وە.**

شارستانی و ژیاری ئێمە هەرچی پێچیدەتر و سەنگین تربێ، نیاز بە گەڕانەوە و نا سینە وەی خۆرسک لە ئینسانداژیانێ زیا تر دە کا و بە مجۆرە یە، کەنە و رۆز بە راوەژوی داب و دەستورە- کان کە پیر ئەبن و دەسۆین و دەپۆین و بێهودە ئەبن، هێز ئە گرێ و بۆ چونە نێودوارۆژ جوان تر و دە رخشان تر ئەبێ، چونکا نە و رۆز رێگایە کە، ئەو جەنگی دیرینەی کە لە رۆژگاری لا تیزوا کونفسیوس تازەمانی رو سۆو وێلتێر بەردەوامەبیکاتە ئاشتی و دە سە ملانێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

نه و رۆز تەنیا هەل و مە رجێك بۆ ئاسودەبون، سەیران و خۆش رابواردن نییە. نیازی زەروری جامیعە، خۆراك و ژیانی نەتەوە یە کیشە. دنیایێ کە لەسەر گۆڕان و گوڕیان، پسان و تیا چون و پڕش و بلاو بونە وەو لە کیس چون ساز دراوە،جیگایە ك کەلەودا، ئەوەی سابتە و نە گوڕدراو و هەمیشە پایەدارە، تەنیا گۆڕان و تەغیر کردن و یا یەدار نەبونە، چ شتێ ئەتوانێ نەتەوە یە ك،کۆڕ و کۆمەڵگایە ك لە راست عە را بەی بێ‌بە زەیی رۆژگار،کە بە سەر هەموشتدا تێ ئە پەڕێ‌و پان و فلیقی دە کاتەوە و ئەروا،کەهەر پێگەیە ك دە شکێنێ و هەرشیرازە یە ك دە پسینێ لە زەواڵ بێ پارێزێ؟

هیچ میللەتێ بە بەرەیە ك و دو بەرە شکڵ و بیچم ناگرێ، میللەت و نەتەوە کۆز یلکە و کۆزێکی پێکەوە لکاوی بەرەو نەسلی موتەوا لی‌زۆر و زە وەندە، بە لام زەمـان، ئـەم تـیغە بێ‌روحمە پێوەندی بە رە کان دەپسینێ و فرت و فتی ئە کا، لە نێوان ئێمە و پێشینا نمـاندا ـ ئەوانەی کە رۆحی جامیعەی ئێمە و نەتەوەی ئێمەیان ساز داوە و پێکیان هێناوە ـ شیوو دۆڵێکی تەنگە بەری بفەی مێژوی قووڵ کراوە، سەتەخالی یە کان، ئێمەی لەوان جیا کردۆتەوە، تەنیا داب و دەستوری باوی کۆمە لایەتین کە، بزر لە چاوی جە للادی‌زەمان، ئێمەی لەم دۆڵە،پڕلەبفە رائەپە ڕێنێ و لە گەڵ پیشینانمان، وەلە گەڵ را بوردوە کانمان ناسیاو دە کا. لە دیمەنی پیرۆزی ئەم داب و دەستورە باوانەدایە کە ئێمە بوونی ئەوان لە رۆژگاری خۆماندا، لە کەناری خۆماندا وەلە «نێو خۆمانی خۆماندا» هەستی پێ‌دە کە ین و خۆیشمان لە نیو ئەواندا ئەبینین.وەجەژنی نەو رۆز،یە کێ لە پتەوترین و جوان‌ترین باوی ماڵە باوانە، کەوا جوان و باو ماوە.

لە و کاتەدا کەداب و دەستوری نەو رۆز دە بەین بەرێوە، دە لێی: لەهەمو نەو رۆزێکدا کە هەمو ساڵێك لەم ئاخ و **سەرزەوی یەدا** ئەیان کردە جە ژن و چراخانی و شـادی، خۆمـان دەبینین و لەم حاڵە داشانوێی تاریك و روناك و رو پەڕەی ڕەش و سپی مێژوی میللەتی کە و نارای ئێمە لەراست چاوماندا لائەدرێ، بە رێژە ئەروا. ئیمان بەوەی نەو رۆز جەژنی ئیمەیەو باو با پیرانی ئێمە کردو یا نە تەجێژن، ئەم بیرو را پڕ هەیجانە ،گە مێشکماندا بێدار دە کاتەوە کە: بەڵێ: هەمو ساڵێك، تە نانەت لە و رۆژگارەی کە ئەسکەندەرئەم ئاوو خاکەی ئێمەی بە خوێنی

Dr.Saleh Ebrahimi

میللەتی ئێمە رەنگین و خوێناوی کردوە، لەکە ناری گڕتێ بەردان و سوتانی ئـاسەواری و لاتمان، نەتەوەی خوێناوی ئێمە زوڕ جوان و راز اوەترو بە بیروباوە رێ زیاترەوە، جەژنی نە و رۆزیان دەگرت، بەڵێ: هەموساڵێك! تە نانەت ئەوساڵەی کە سەر بازانی قوتە یبە لە سیروان خەڵکی نوقم دەکردو مولهیك کوشتاری دەکرد،خاجدار و جە نگیز و تە یمورە شـە لە و تورکاتی وەسمانی و ئاق قویونلو و سەلجوقیان و... خەڵکیان دەکوشت، لە ئـارامـبونەوەی غەمگینی شارە زامدارەکان لەکەناری ئاورگی سارد و سڕدا، نەورۆزیان زۆر بەگەرم وگوڕی دەکردە جێژن.

مێژولە«زێرینا ئامێدی»دەگێڕێتەوە کە لەو سەر دەمەی کە عەرەبی هێرشکار لە قـادیسییە ونەهاوەند لە ژێر تیغی تیژی بێ‌روحمیدا خەڵکیان دەگریاند، کاتێ و لاتی ئارام کردەوە و دژو دوژمنانی رەپێ‌نا، هەرلەو ساڵانەدا و دوایش نە و رۆزیان گرتووە و ئەو سەردەمەیان بە رابوردو پێوەند ئەدا.

نە و رۆز هە موکات و ساتێ خۆشە و بیست و بە ڕێز بووە، لە چاوی موغاندا، لەچاوی موبیداندا، لە چاوی موسوڵماناندا، هەمونە و رۆزیان لا خۆشە ویست بووە، بە زمانی خۆیان، قسەیان لێ کردوە. تەنانەت فە یلەسوفان و زانایان و هۆزانفانان و تویانە: «نە و رۆز رۆژی یەکەمینی ئافە رینشە، کە خودا دەسی کردوە ، بە خولقاندنی جیهان و لەشەش رۆژا یالە شەش دەورە) لە وکارە دابو، لە شەشە مین رۆژ دا خولقاندنی جیهان تەواو بوو جالە بەرئەمەیە کەیەکەمین رۆژی نەوسان «خاکەلیوە» یان، بە «هور موزد: خودێ» ناو بردوە و ئەو شـەش رۆژەیان بە پاك و پیرۆز بژاردوە»

چ چریکە و چیرۆکێکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بە راستی مەگەر هەمو کـەسێك هەست ناکا، کە یەکە مین رۆژی بەهار، هەردەڵێی یەکە مین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەورۆز بووە،دیارە بەهار،یەکەمین کەژو کەشی‌نەوسان (خاکەلیوە) ش یەکەمین مانگ و نەو رۆزیش یەکەمین رۆژی ئافە رینشە، قەت خوا جیهان و خۆرسك و تە بیعەتی لە پایینر یا لە زمسان یا لەهاویندا دەس پێ نەکردوە، دیارە یەکەمین رۆژی بەهار، شیناوەردی ئاخی گـرتووە بـە

Dr.Saleh Ebrahimi

لیوەوەو شین بووە و رواوە. سیلاو هەستان، قەڵپەزەی ئاو، تافگەی شەتاو، چرۆ کردنی دار و دەم کردنە وەی خونچە و گوڵ کردنی گوڵ و گیاو شاخە و پۆیەی دارو دەوەن لەنە و رۆزدا روی داوە، رواوە، بەردو داری ناوئاو سوواوە.

بێ شك، رۆح و گیان لەم کەژەدا سەری هەڵداوە و عەشق و ئەوین لەم رۆژەدا گوورواوە و یەکەمین جار رۆژ لە یە کە مین نەرۆزدا گزینگی داوە و زەمان لە تە ك ئەودا دەسی پێ کردوە.

ئیسلامیش رەنگێ جوان تری بە نەو رۆز داوە، شیرازەی کردوەو ئەوی بە پشتیوا نەیێ ئەستور، ئەوی‌لە مەترسی زەوال لەدەورانی موسوڵمانی کوردە واری و ئیرانیاندا، پاراستووە ورای گرتووە؛نە و رۆز کە لە گەڵ گیان و خوێنی ئێمە تێکلاو ببو و لێکدرا بوو، گیانی نەتە وایەتی لە گەڵ ئاوێتە ببو. بەرۆحی دینی تازەیش گوێچی گرت، داب و دەستوری نەتەوەیی و نیژادی، لەتە ك باوەر،بە دینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و عەشق و ئەوینی پرهێزی تازەیە-ك‌لە دڵ و هەناوی ئەم ساڵی تازەیە وا نەو رۆزەهاتەوە جێژ نێکی کونی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە،خەڵکی لەم ئاوو خاکەدا فرجکی گرتبو، گرێی خوارد و پێکەوە پێوەند دران و پتەو بون و پیرۆز بون.

نە و رۆز - ئەم پیرە کە گەرد و غوباری چەندین سەتە لەروی نیشتووە - بە درێژایی مێژوی کە و نارای خۆی، رۆژگارێ لە کە ناری موغاندا، زیکر و ویردی میهر پە رستانی خۆی بە گوێی خۆی بیستووە؛ دوای ئەوەلە کەناری ئاورگدانی زەردەشتی‌دا، سرود و سروشی پیرۆزی موبیدان و زە مزەمەی ئاوێستا و سروشی ئاهور مەزدای بە گوێدا خوێندراوە، لەوە بەدوا بە ئایاتی قورئان و زمانی ئە للا، رێزیان بۆداناوە، ئێستا سەرە رای ئەوە بە نوێژ و دوعا و پارانەوەی کوردی یارسان و دینی کۆنی کوردەواری و عەشق بە خواو ئەوین بە حەقیقەت گیانێ تازەی پێ ئەدا.

ئەم پیرە خاوەن بیرە وەری یە کە لەهەمو سەتەیە کداولە گەڵ هەمو بەرەونە سلێکدا و لەتە ك هەمو باو با پیرانی ئێمەدا وێستاوە تا رۆژگاری ئافسانەیی گۆدە رزو گایو مێرت «مێر دی گەیو» ژیاوە و لە گەڵ هە مومان بووە، و هە یە، ریسالەت و رۆڵی گەو رەی خۆی لەهەمودەم وکات و

Dr.Saleh Ebrahimi

ساتێکدا زۆر پڕ بە هێزی خۆی و بە عەشق و ئەوین و وەفاداری و خوێن گەرمی و رە زاشیرنی ئەنجام داوە و ئەویش سپی کردنەوەگ رەنگی غەم وەهەڵقر چاوی پر چین و چروکە لە سیما و قیافەی ئەم نەتەوەنە جیب و زوڵم لێکراوەیە،کە لەگەڵ خوێن وئێسک و پلوسکی خەڵکی ئەم سەر زەوی بەڵا و صەدام لێ دراوە لەگەڵ رۆحی شاد و خۆرسک و تـەبیعەت لێکـدراوە و گەورەتر لەهەموان پێوەندانی نەسلە،موتەوالی یەکانی ئەم هۆزونە تەوژە،کە لە سەر چەقی چوار رێ یانی بەڵاو روداوەی مێژو گیرساوە و دامەزراوە و هەمیشە کە وتۆتە بە رهێرش و قینی قین لە دڵان و جەلادان و تاڵانکەران و هەروا پەیمانی یەکیەتی بە ستن لە نێوان هەمو دڵی خزم و کەس و کار،کە دیواری گرژ و تورە و بێگانە، چەندین دە وران لە نێوانیاندا ئە بووە دڕوی مەم وزین و دۆڵی قووڵی فەرامۆشی جیایی ئەخستە نیوانیان.

ئێمە لەم کاوەدا لەم دەموساتەدا لەم یەکەمین دەمی دەس پێکردنی سەرەتای ئافە رینشەدا، یەکەمین رۆژی خیلقەتەدا، لەرۆژی خوادا لە رۆژی ئاگرە سورەی ئاهورایی دا، نەو رۆزی پیرۆز ئەکەینە جێژن و ئاگر هەڵ دەکەین، ئاگری ئاهورایی. لە قووڵایی ویژدانی خۆماندا بە **پیاوەتی خەیاڵ لە سارای رەش و دەشتی سوتاوی هەڵەبجە، شاری هێرۆشیمای** کوردستان عبور ئەکەین و لە هەمو نەو رۆزگەلێ کەلە ژێر ئاسمانی پاک و رۆژی روناکدا لە سەر ئاخ و خاکی ئێمە کە رێزی لێ گیراوە و ئاگری نە و رۆز هەڵکراوە لە گەڵ هەمو زاروک و کورو کچ و لاو پیرو ژن و پیاوانێکدا کە خوێنی ئەوان بە نێورە گماندا ئەروا و رۆحی ئەوان لە دڵماندا تەکان دەخوا بەشواری دە کەین و بە مجۆرە (بوونی خۆمان) بە ناو یەک نەتەوە، لە نێو گژە باوگێژە لوکەی توند و رەشە بای کوشندە و سوتێنەر و ئاڵ و گۆڕدەردا خۆرائەگرین و خولود بە گەل ئەبەخشین و لە هێرشی ئەم سەتەداکە ئێمەی لە خۆمان نامۆو «نەبان» کردبو.

**چ چریکە و ئەفسانەیەکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بەراستی مەگەر هەموکەسێک هەست ناکا، کە یەکەمین رۆژی بەهار، هەردەڵێی یەکەمین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەورۆز بووە، دیارە بەهار یەکەمین کەژو نەوسان «خاکە لیوەش» یەکەمین مانگ و نە و-**

Dr.Saleh Ebrahimi

**ڕۆزیش یەکەمین ڕۆژی ئافەرینشە.**

**□ ئیسلامیش ڕەنگێ جوانتری بە نەو ڕۆز داوە،شیرازەی کرد وە و ئەوی بە پشتیوانەیێ ئەستور، ئەوی لەمەترسی زەوال لەدەورانــی موسوڵمــانی کــوردەواری و ئــێرانیــاندا، پاراستووە و ڕای‌گر تووە.**

**□ نەو ڕۆز تەنیا دەرتانێ بوحەسانەوە، سەیران و خۆشگوزەرانی نــییە نیــازی زەروری جامیعە وکۆمەڵگا،خوراکی ژیانی نەتەوەیەکیشە.**

لەم میعادگەیەداکە هەمو بەرەی مێژو وەچریکەو چیرۆکی میللەتێ حوزوریان هەیە لەگەڵ ئەواندا پەیمانی وەفا دەبەستین و «ئەمانەتی عەشق و ئەوین» لە وان بە وە دیــعە وئەمــانەت وەردەگرین «قەت نامرین» و «بەردە وا می ڕاستین»ی خۆمان بە ناوی نەتەوەیەک کەلەم سارای گەورەگ بە شەریدا ڕەگ و ریشەی لە قوولایی فەرهەنگی دارماڵ لە غینا و قیدا سەت و بێخەوش وجەلال و شکۆدا هەیە و لە سەر هێمی «ئە ســالەت»ی خــۆیی بــون لە راگــوزاری مێژودا ڕاوەستاوە، لە سەر «ڕو پەرەی جیهان» صەحیفەی عالەم سەبت و زەبتی بکەین.

□ تەفتازانی لە بابی تەکراردا دەڵێ: تەکرار عەیب و خەوشی قسە یە مەگەر لە یادی مەحبوبدا، کە لەوێدا نە تەنیا جایزەکە یاد و ناوی ئەو تەکرارو دوپاتە بکرێتەوە، بە قسەش فەزیلەت ئە بەخشن [1]

وەرە تاگوڵ ئەفشانی بکەین
مامە نەورۆز!
تۆ‌بەو چریکە،غەمکین و پرهەستەوە
تۆ‌بەوکە نینە پاک و پڕ دەردەوە

---

١ ـ موتەوەل،روژنامەی اطلاعات صفحه ٦ ٥شەمە ٢٧ اسفند ٧١ و ٢۴ ڕەمەزان ١۴١٣ و ١٨ مارس ١٩٩٣ از

١ـ گودەرز ـ جەمشید: مێژوی تەبەری، موعجەمولبولدانی حەمەوی، موروج الذهب نەو ڕۆژنامەی حەکیم عومەر ـ ی خەییام.

Dr.Saleh Ebrahimi

تۆ!بەو هەڵپە رکێ و خەندە وە
دیو و درنجی خەم لە دڵ ئە پە ڕێنی
تۆ!بە و کراسە سورو توزاوی یەوە
تۆ!بەم رۆمەتە رەش و چرچەوە
کە لە بەختی رەشت رەنگ ئەداتەوە
رەنگی خەم و پەرێشانی لە دڵ ئە شواتە وە
مامە نە و رۆز لە دڵتا خەمێ تاڵ و تفتە
خەمێ دارماڵ، دەر وێن ، بۆمان سەختە
دەنگ دانەوەی پێکە نینتە
دڵۆپەی رۆندک‌و فرمێسکتە
کە لە سەر چاوەی گیانت ئەتکێ
بە داوێنت دا ئە رژێ
ئێمەیش بە فرمێسکە کانت بە گوڕ ئە کە نین.
مامە نە و رۆز!
وە رە لە رومەتت تۆزی رەشی بتە کێنە
ئاگر بخە نێو کەوای سوری خۆتەوە
وەرە هەروەک مەلێکی دڵشاد و خۆش ئاواز
باڵ لێکدە تا دەم ترۆسکە تروسکی خۆرەتاو
لە بیر بە رەوە
ئەفسانەی خەمی دێرین
لە باتی سترانی تاڵ و خەفە تبار
ئەم شیعرەی شیرین بچرین!
وەرە تا یە کتر گوڵباران بکەین و مەی لە جام،
پیچیفەلەیەک بشکێنین و گەلاڵەیێ تازە ساز بدەین (شەپۆل). تاران

## ئازادی وهەڵدانی مرۆڤانی:

مرۆڤ وهەربونەوەریٚ وزیندویتریش بۆ هەڵدان و گەیشتن بە کەماڵی بـونی خـۆی نیازی بە ئازادی هەیەبەلاّم نوکتەو جێگای سەنجدان لێرەدایە کە هەڵدان وکەماڵی هـەر بونەوەرێکی زیندو لەپێوەندی ئەو لەگەڵ خۆرسکی و سروشتی وئـافەریدە بـونی ئـەو دەناسێندریٚ.

هەڵدان وکەماڵی مروفا نیشرلە پێوە ندی لەگەڵ فیترەتو حەقیقەتی وجودی ئەودا دەر دەکەویٚ و دەناسریٚ

حەقیقەتی وجودی مـرۆڤ عـەینی پێوەندی و ئـوگربونیەتی بـەحەق، پێگەیشتن و هەڵدانی مرۆڤلە ((قوربی وجودی)) دێتەدی،ئازادی بەراستیش لەم پێوەندی نێزیکی و قوربلەخوا تا ریفدەکریٚ، جاکەوابیٚ ئەتوانین بێژین: ئازادی راستەقینە هۆی هەڵدان و پێکەیشتنی بونی مرۆیا مرۆڤانیە.

بە لاّم نوکتەیێ گرینگ کـە ئـەبیٚدو پـاتەی لەسـەر بکـریٚ ئـەمەیە کـە تەنیـا ئـازادی بەراستییە،کە ئەبێتە هۆی پێگەیشتن و هەڵدانی ئینسان وئەنزان وە ((ئازادی)) وەهمی و نەفسانی تەنیا غوربەت و یەخسیری زیاد دەکا وهیچی دیکە.

ویژەو ویژاوەری رەسانەیی و مەشهوراتی زەمانە بیٚ ئەوەی لە بابەتهەرێم و سنورو حەریموکەوشەنێ،یا تایبەتمەندی و ماهییەتی قسەبکەن، هەمیشە فو بە بۆقوکەرەناکانی چاورای خۆیاندا ئەکەن کە ئازادی هۆی هەڵدان وپێگەیشتنی مرۆڤانیە.

**ئازادی هۆی بەرزوتەرز بونی فەرهەنگ وهەڵدانی بیرو هزرە،وگشتی بافی دیکەی،** لەوچەشنـانە،قسـە دەکـەن و دەئـاخۆن، ئـازادی نەفسـانی هـۆی دوربـونی مـرۆڤ لەحەقیقەتی خۆی و غافڵ بونی ئەو پێکدێنیٚ.

بەڵیٚ ئازادی دەبێتە هۆی هەڵدانی مرۆڤ وبەرز بونەوەی باری فەرهەنگی ئەو، بەلاّم لەکاتی قسەکردن لەم دروشمە ئەبیٚ بزانین کە لەچجۆرە ئازادی یەکدەدویٚن ولەکـاتی کردەوەدا ئەبیٚ سەرنج بدەین کە نەکەوینە داوی لیبرالیستی ئازادی، چونکا لەوێدا نەتەنیا

ناگەینە هەڵدان و بەرز بونەوەی مرۆفانی، تازە زنجیرەی غوربەت ودیلی ئەویشمان قورس ترکردوە و زۆرترمان باداوە، وریابین کە ئازادی نێوان ئێمە و لیبراکانو ئۆمانیستەکان تەنیا و تەنیا موشتەرەکێکی لەفزی و بیژەییە، ئێمە لە حەقیقەتی **ئازادی و هەڵدانی مرۆفانی** قسەدەکەین بەڵام ئەوان لەژێر ناوی **ئازادی دا دەم بێن و قفلٚ لەدلٚ و دەرونی مرۆفانی** ئەدەن شۆرشی دینی پەیام هێنەرو مزگێنیدەری ئازادی بە راستیە.

ئازادی یەک کە دوربێ لە دەسەلاتی شەیتانی تیکنو کراسی، بوروکراسی وسەرمایە سالاری، بۆنی **گوڵی خۆشبۆی مەعنەوەیەت و** هاودلی و هاورەنگی دەشت ودەری شۆرشی دینی پروتەژی کردوە.

هەمو فەلسەفەی «ژان پۆل سارتێر» (Jan Poul Sarter) هەول وتەلاشە بۆ رزگار بون لەبێ هیوایی و تەناقوزو نائومێدی، کە بەشەری رۆژاوابێ، ئەو لای وایە ئازادی بەشەر محاڵە، بەڵام بە داغەوە چون ژان پۆل سارتێر خۆیشی هەروەک زاناکانی تری رۆژاوایی رێگاچارە لە چوارچێوەی زات وتەواویەتی ئازادی ((ئۆمانیستیدا و کەوتنە خواریێ، بەشەری تازە و مل بادانی ئەو، کە بۆی دەگەرێ، سەرگەردانی ئەو زیادئەکا.

ئەبێ بزانین **ئازادی بێجگە لەپێوەند لەگەڵ حەقدا، واتای بۆنیە،** جا هەر لەبەر ئەمەشە کە ئازادی رامیاری و کۆمەلایەتی رۆژاوایش بێجگە لە زیاد کردنی فاسیلەی چنیایەتی و قودرەتیابی بور ژوا و غەلەبەی رۆحی سەرمایەداری و پول ودراو پەرستیو شەیئی بونی مرۆف وپەرە گرتنی ئیمپریالیزم و بێدادگەری کۆمەلایەتی شتێ تری لێ سەوز نەبوەونابێ.

ئێمەلامان وایە مرۆف عەینی تەعەلوقەو **ئینسان بۆگەیشتن بە ئازادی** و میوەو بەردانی تاکی حەقیقی خۆی ئەبێ بگاتە تەعەلوقی **بەراستی بەخوا** ولەئەم وئەو دابردرێو لەئوگرداربونی خۆ بۆلای خوا سوربێ، نەکلەروی نەزانی و خۆقەف کردن و خۆبەزل زانی خۆی دوربخاتەوەوئینکاری بکا.

خوی چاک وداب ودەستوری ژیان ـ بالەدیمەن وروانگای خۆرسکی و سروشت

Dr.Saleh Ebrahimi

لەزەتی گیانی و رۆح وەربگرین، تەماشاو روانین بۆ روانگای جوانی خورسک بەلەش و لاری مرۆڤ گیانێ تازە ئەبەخشێ گوله رەنگاو رەنگەکان، دەشت و دەری سەر سەوز و **رەنگین، ئاسمانی پر ئەستیرەی گەشەدار، ئەم هەموە جوانی و خوشیکیه** بەپیێ زەوق وچەشەیەک کە لەنێو دڵ و دەرونی مرۆڤدا هەیە لەتەماشای ئەوانە لەزەتئەبا و شادئەبێ، **دیارە ئەم شادبونە، تەنیا لە لەزەتی رواڵەتی داڕکۆنا بێتەوە.**

لەم ئەرزەگردوپانوگۆ و بەرینەدا ئینسانگەلێ پەیدائەبن کە تەماشای **روانگای جوان، ئەوان ئەخاتە بیرکردنەوە؛لەبارەی رازی خیلقەتی پڕ قوردەتی ئیلاهی**، ئەوانە لەم بیرکردنەوەو پەی بردن بە رازو رەمزی جیهانی ئافەرینش زۆر لەزەت ئەبەن، ئەوانە بەچاوێ بەرزترو وردتر ئەروانن، روانگای جوانی خۆرسکی و سروشت، جا هەر لەبەر ئەوەش لەزەتی ئەمانە، لەلەزەتی کەسانێ کە دارای ئەم تایبەتمەندی یە نین زیاتر و بەر فرەترە، ئەگەر تۆتابلۆیەکی نەقاشی جوان لەبەرچاومنداڵێکدا دابنێی، ئەومنداڵە لەتەماشای ئەوە لەزەتئەبا، بەڵام ئایا لەزەتی ئەولەگەڵ لەزەتی کەسێ کە دەچێتەنێو وردەکاری ئەوتابلۆیەو لەودیوی ئەوەوە هەزاران ئافەرین بەنەخشێنەری ئەو دەڵێ، بەرابەرن؟

هەر جۆر بێ ئەگەرتائێستا لە لەزەتی زاهیری کەڵکمان وەرگرتوە بالەمەودوا بکوشین **تالەلەزەتی رۆحانیش لەزەت ببەین، گوڵی جوان و رەنگین ببینەو لەمەزنی وگەورەیی گوڵ ئافەرین بروانە**، لەنیوە شەودا بروانە ئاسمانی پر لەئەستێرەی جوان و گەش ولەراست خوای خولقێنەری ئەوانەسەربچەمێنەوە؛ئەوسا دەزانی چ شادی و خۆشیەک روتتێ دەکا، بەجۆرێ کە بێجگەلەزاتی حەق تە عالاشتێ ترنەبینی «لَقَدْ جَعَلْنا فِي السَّماءِ بُرُوجاً وَزَيَّناها لِلنّاظِرِينَ»[1] یانی: بەراستی لەئاسماندا بورجگەلێکمان سازداوەو ئەوانەشمان بۆ تەماشاکاران رازاندوتەوە. ئەم باسەلە روژنامەی شەهادەی کوردی

---

١ ـ سورەی حجر ئایەتی ١٦

ژمارەی ٣٩٤ سالی ٩ گوڵانی ١٣٧١/٢/١ هەتاوی و ٢١ نیسای ١٩٩٢ زاینی بەقەڵەمی (شە پۆڵ) بڵاوکراوەتەوە.

**دوا رۆژهی موسوڵمانانە**

بە راشکاوی دەبێ بڵێین: دوا رۆژ هی موسوڵمانانە وشا بەختلەبەختی ئەواندا لەهات دایە، مادام لەسەر رێبازی خوا سوربین و لەرێگاری ئەو لانەدەین (ذٰلِکَ فَاِنَّ اللّٰهَ لَمْ یَکُنْ مُتَغَیِّرًا نِعْمَةَ اَنْعَمَهُ عَلٰی قوم حَتّٰی یُغَیِّرُوا مٰابِاَنْفُسِهِمْ) مەشی خوا وایە، کاتێ نیعمەتێکی بە هۆزێ یا بە تاکێ یا بەگەل و نەتەوەیەکدا، نای گۆرێ و لیان ناستێنێتەوە، مەگەرئەوەی ئەوان خۆیان بگۆڕن ولەرێگا لادەن وکل بن وتل بن ەوە، سەرە و شۆر بەرەو گۆڕ، بگۆردرێین یاخۆ بگۆڕن واتا: چاکبون، خراپ بن لەئەسپی ناز ونیعمەت دابەزن و سواری ئەسپی ئەجەل وبەدفەڕ بنوهەوساری خۆیان بدەنەدەس هەوای نەفس وشەیتان بەکارو کارابون،ئێستا بێکارە ویەیتارە کەوتون، بڕوا داربون،ستبڕوا کراون، **دڵسۆزبون، قین لەدڵ کراون، لەدڵ و دەرونی خۆیاندا خۆ بخۆنەوەو ببنە خۆرە لەنێو** یەکدودا، جا ئەگەر بتوانین بەر لەوخوە دزێو و کرێتانە بگرین و خۆ بە خۆ چاک و دڵ ودەرون پاک بین وبەکار و تێکوشەرو ئازابین و خۆ لەخوی بەد فەڕی دور راگرین و بۆ یەکتر هەرە وەز بکەین، کومەگی یەک بین و ماڵ وناموسی یەکترین، وەکوهی خۆمان بزانین و بیان پارێزین لەدڵ پیسی لەگەڵ یەکتر خۆلادێین و ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە هەمان بێ، بۆ هاونیشتمانیەکانیشمان هەروابین وبڕوامان بە خوا بتەو بێ،ئەوا دوا رۆژ هی ئێمەی موسوڵمانانە.

**ئاوێنەی مێژو:**

چریکە و چیروک و ئەفسانەی مێژویی ئاوینە یەکە، ئەکرێ وێنەی خۆمان و وێنەی بەرەی ئەنزان و ئینسانەکانی تری تیدا ببینین، مرۆف لە رۆاوەی رابوردو، ئەزمونی رۆژگار بۆ هێمدانان و بناغە رێژی دوا رۆژی چاکتر وبەکەڵکترو بەختەوەرانەتر سود وەر دەگرێ، جا لەبەر ئەوە ئەبێ مرۆف هەمو روداوەکانی رابوردو، جوان بداتە بەر جەنجەری

Dr.Saleh Ebrahimi

سەرنجو بەباشی لیان ورد بێتەوەو شیان بکاتەوە بەدوکاسنەوسێگانە وەردیبداتەوە، ئەوسا بیکاتە کەشاو، یائاوەنیا وتوٚمی کار وکردەوەی تیاچێنێ، لەئەزمون و تاقی کردنەوەی تاڵ و تفت وژەهراوی تا ئەزمونی شیرین وشادی هێنەر، دیارە زۆرێ لە زاکون و داب ودەستوری کۆمەلایەتی وبنەرەتی کارو باری و خوی چاک و ئەخلاقی پاککە نەزم ونیزام وتەکوزی کۆمەڵایەتی پێ دائەمەزرێ، لەسەر ئە ز مونی رابوردو، دامەزراوە، چ ژیارو شارستانیتی، یاماف، جوانی وناحەزی کارو کردەوە (حُسْنُ و قُبْحِ اَفْعالْ) و رەفتارو ئاکاری عادی خەڵک، کەبریەتی لەئیستقرایەکە، مرۆڤو ئەنزان بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژیان لەپێجەڵە پوچیگرێ پوجکەی گۆمەڵایەتیدا بەراوردی کردوەو هەڵی سەنگاندوەو میوەو نەتیجەی ئەوەی بەوێنەی زاکۆن وقانون، پێشکەش بە کۆمەڵگای بەرەی مرۆڤ کردوە.

ئەم چریکە نموداری پیشەوکردوکرو، خوو ئاکارو تێکهەڵەنگوتنی بەکۆرو کۆمەڵە، جەنگ، دژو دوژمنی، ئاشتی ودۆستی، بەتیکرا تیکرای رەنگدانەوەکانو دەنگدانەوەکانی ئینسان و ئەنزان لەراست روداوەو دژواری یەکانی ژیاندا، ئەوە جۆرێ بیرکردنەوەو تیفکرینی کۆمەڵگای رابوردوەوە، بەهەمو جوانی و ناحەزی و دزێوی یەوە[١].

**سازوئاواز لەدو روانگاوە:**

ئەگەر لەیەکێ لەلایەنگرانی موسیقا بپرسن کە سمفونی یانی چی؟ لە وەڵامدا پێتدەڵێ: سمفونی شوێنەوارێکی گەورەی موسیقایە کە بۆ ئورکیستیری موسیقا دەنوسرێ ولەچار بەش ساز دەکرێ: دیارە ناوی چەن کەسیش لەموسیقازانەکانی ناوداری جیهانیش دەبا کە سمفونی نبوغ ئامیزیان بەدی هێناوە، کە بتهون، چایکوفسکی، موتسارتبەر لەهەموانە، بەڵام ئەگەر هەر ئەو پرسیارە لە موسیقازانێک بکرێ، یەکەم ناوێک کە بەزاریدا دێ (هایدن)ە چونکا زۆربەی خەڵک (هایدن) بەباوکی سمفونی ناو

---

١ ـ بەرکوڵی کتیبی رامیاری مەدینە نوسراوی فارابی ـ (شەپۆل).

ئەبەن، چون: بتهون، موتسارت و مامۆستایانی دیکەی موسیقای سمفونی، لەساختەی زۆرو زەوەندی خۆیان بۆ ئورکیستیری سمفونیک لەموسیقـای هـایدن مـایەیان گـرتوە، بەتیکرا شوێنەواری ئەم موسیقازانا، ناودارانە بۆ ئەوان، هەروەکو کتێبێک بوە کە دەرسی لێ فیژبون وزانستی خۆیان پڕ ترو غەنی تر دەکرد [1]

**ئاو وژیانی هەموچت:**

قورئان هۆی ژیان و یەکەمین لانکەی جولە ندەو خزۆکی بە (ئاو) ناو بردوە، زانستی ژین ناسیش، هەر ئاوی بە بنەرەتی ژیان داناوە، بەو جۆرە، تۆیژانەوە کە سەبارەت بـە ساختومانی گشتی جیسمی زیندو، ئەنجام دراوە، نیشانی داوە کەئاو وکەربۆن نێزیکەی ۹۸ لەسەتی جیسمی بونەوەری زیندوی پێک هێناوە، هەروا تۆیژانەوەی زانسـتی زەوی ناسیش، دەگەیینێ کەبەر لەپەیابونی ئاو، ژیان لەسەرگۆو خرۆکەی زەوی نەبوەو جادوای پەیدا بونی ئاو وساز بونی زەریاو ئەقیا نوسەکان، کەم کەمەژینگەی لەبارو باو بۆ ژیانی بونەوەرانی زیندو، وەجۆرا و جۆر بونی ئـەوانـە، بـەدی هـاتوەو خـزۆکەکـانی سەرەتـا، لەیەکەم رۆژی ژیاندا لە زەریادا بون و لەدواییدا هاتونەتە سەر بەژ وویشکانی.

**گرشمەی یەکبون:**

لەمێژوی ئەدەب و هونەر وخونیشان دانی زانست لە خۆرهەلاتدا جار جارە گەورە گەورەیەک سەریان هەلداوەکـە لەهەربارو بابەتێکەوەدارای **شـوێن و پـلەو پـایەی بەرزوبلێند بون**، کەسانێ کەبەتێکرا لە دەورو بەری وجودیاندا بـەقسەی **مـەلاصەدرا** کەسایەتی مەجازیان،ئەفسـانەگـەلێکە، تـۆیژا نـەوەیە لەفۆلکلورو بـاوی کـۆمەلایەتی‌دا بەیانگەری ئەم قسەیەکە خەلکی ولاتی ئێمەکاتێ دەس دەکەن بە چریکەو چیرۆک سازی کە سایەتی، تاکێک کە لەچەن لاوە یا لەبارو با بەتێکەوە بەچاک وبەرزو چازان وگەورەتری

---

۱ ـ ن ـ کولوسووا، سەرەتایەک لەسەر ناسینی موسیقا ـ کەیهان چوارشەمە ۲۰ ئازەر ۱۳۷۰ی هەتاوی لاپەرەی ٦ و ۱۱ دەسامبر ۱۹۹۱ زو ۲۰ سەرماوەزی ۱٦۰۳ ک و ۴ جمادی‌الثانی ۱۴۱۲ ک (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

بزانن، تایبەتی گەلیٚ لەودا ببین کە لەخەڵکی دیکەدا بەر چاویان نە کەویٚ و زۆریان پیٚیدا هەڵدەلیٚن یەکیٚک‌لەوانە، مەولانا عەللامە، سەعید **نورسی** و مەولانا **نوسخەی جامیعە خالد شارە زوری یە،** لەم وتارەدا ناتوانین لە بابەت‌ئەو هەموەچریکەکەلەبابەت‌ئەو دوزاتەوە گوتراوە قسەبکەین تەنیا بە نوکتەیەک ئاماژە دەکەین و **درگای لیٚکۆڵینەوە،** دەخەینە سەرگازەرەی پشت‌تا ئەوانەی کە دەیانەویٚ، تۆیشوی خۆیان لەوە بە دەس بیٚنن خەریک‌بن.

لەدیوان وقسەی زۆربەی عارفان و خواناساندا هۆنەوشیعروو تەیەک‌دەبیسین‌و دەبینین کە واتای وەحدەتی وجود، ئەدایەکیٚ لەو قسەوباسانەی کە لەفەلسەفەدا هۆی قڕەقڕ و قسە لیٚکردن بوە، مەسەلەی وەحدەتی وجودو یەکبونە، کەئایا حەقیقەتی دەرەوە، یەکە یا زۆرە.

لەحیکمەتی **موتەعالیەدا،** دوای قسەکردن لە موشتەرەکات وهاوبەشبونی مەعنەوی وجودوقسەکردن لەوەکە وجود ئەسلە، نەتیجە دەگرن، کە ئەشیای خارجی هەرچەندە وێنەی جۆرا و جۆریان هەیە، لە باتندا حیکایەت‌لە **یەک حەقیقەت‌دەکەن** وئەویش هەمان ئەسڵی بونی ئەشیایە، دیارە کەسیٚ کەبروای بە **تەوحیدهەبیٚ،** دەگونجیٚ بە وەحدەتی وجودوکەسرەتی مەوجود بڕوای هەبیٚ، وکەسرەتی مەوجود بەواتای ماهیاتی مەنسوب بەو جود، بزانیٚ و حەقیقەتی وجود لەروانگای ئەودا خاوەنی ئەنواع و تاکەتاک‌و پلەو ئەجزای ئەقڵی و دەرەوەبیٚ، ئەبیٚ هیچ جۆرە قیام وعەرەزیٚ سەبارەت بە ماهیات لەگۆڕدانەبیٚ بەڵکو وجود حەقیقەتی واحد، سادەی قایمی بەزات‌بیٚ وتەنیا ماهیات ئەدریٚنە پاڵ ئەو حەزرەتەو ئەوە ماهیەتن‌کە زۆروموتەکە سیرن، نەک حەقیقەتی وجود، ئەم واتای وەحدەتولوجودە بیروڕای فەلاسیفەیە کە نەتیجەی لیٚوەردەگیردریٚ کە ئەشیا باوەکو لەباری تایبەتمەندی وئاسەوارەوە، جیان، هەمو لەوبارەوەیە،کە مەوجودن، یەک حەقیەتن وئەویش هەمان ئەسڵی بونی ئەشیایە ومەوجوداتی جیاجیا لە حەقیقەتی بوندا پیٚکەوە، یەکن‌و وەحدەتیان هەیە.

صەدر **المتألهین** بە بەیانی بیری وەحدەت لە عەینی کە سرەت وکەسرەت لەعەینی وەحدەت وبیری ئەساڵەتی وجود توانیویەتی، تەسویرێ تازە لەجیهانی بوندا بخاتە بەرچاو، هەرچەن ئیشراقیون بەئەساڵەتی ماهیەتبڕوایان هەیە کە **لەگەڵ عارفان و خواناسان یەک دەگرنەوە.**

**خواناسان بڕوایان بەوەحدەتی وجود ومەوجود** هەیە، عارف دنیا بە ئاوێنەیەک دائەنێ بۆ نیشان دانی وێنەی حەق (خوا) بەپێی بیروباوەری عارف مەوجوداتی جیهان بێجگە لەوەکە نیشانەو ئایەتی حەقن چتێ ترنین.

**ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: عارف وخواناس لەنشێوی پەستی مەجازەوە باڵی گرتوەو فڕیوەتە نێو ئەوجی حەقیقەت، جادوای پێگەیاندنی خۆی لەو میعراجەدا بەعەیان وبەئاشکرا دەبینن کە لە جیهانی بوندا بێجگە لەزاتی خواچتێ دیکە لەگۆڕدانیە، هەمو شتێک بێجگە لەزاتی ئەو هالک وبۆتیا چونن (کُلُّ شَیْءٍ هالِک اِلاّوَجْهَهُ) نەتەنیا لەیەکزەماندا بەڵکو لەئەزەل وسەرەتادا.

لە محیدینەوەیەکە ئەسلی وجود، لەهەربارو با بەتێکەوە، واحدو تاکەوکەسرەتی بۆنیە، هەم وجود یەکە، هەم مەوجود وەئەگەر حەزرەتی حەق خۆی فەیز بدا مرۆف ئەتوانێ جەرەیانی حەق لە خۆرسک و لەمادەو عونسوردا ببینێ و وێنەیەک نامێنێ کە حەقی تیا نەبینێ، جا ئەمەیە کە هەمیشە ئارەزویانە کە ئەشیا(کە ماهی یە) بۆیان دەربکەوێ.

جا ئەوەیە، کە شاعیران و خواناسان و عارفان دەڵێن:

**چارینەی بابا تاهیر**

**بە صەحرا بنگەرەم صەحرا تەوینەم**

بە دەریا بنگەرەم دەریا تەوینەم

بەهەرجا بنگەرەم کوەودەرو دەشت

نیشان ئەز قامەتی رەعنایی تەوینەم

Dr.Saleh Ebrahimi

چارینە:

خۆشـــائانانکی ئەزپاسەرنەزونەن

میـانی شـوعلە،خـوشک وتـەر نـەزونەن

کـــەنیشت و کـــەعبەو بتخـــانەو دەیـــر

ســـەرایـــی خـالی ئـەز دلبـەر نـەزونەن

چارینە:

یـەکـێ بـەرزی گەرێ نـالان دەریـن دەشت

**بەچەشم خون فشـان ئـالالە مـیکیشت**

**هەمی کیشتو هەمی گوفت ئەی دریـغا**

**کێ بایەدکیشتن وهیشتەن دەرین دەشت**

چارینە:

گـەرەم رانـی، وەرەم خـوانـی تـەزانـی

وەرەم ئـــاخر بســـوزانـــی **تـــەزانـــی**

وەرەم بـەر سـەر نـەهی ئـەلوەندو مـەیمەند

نـــەمی وازەم خـــودا زانـــی **تـــەزانـــی**

**مەنسوری هەلاجیش وتی: من حەقم**و شێخی شەبو ستەریش دوای ئەو، وتی: **بێجگە لەحەق کێ هەیە**، بیژێ حەقم، خوایش فەرمویەتی: لەکاتی دەردودا غدا بلێن (اِنا لِلّٰه وَ اِنّا اِلَیْهِ راجِعُونَ) ئێمە هی خوایان و بۆلای ئەویش لەگەرانەوەداین.ئەم مەبەستەلە رۆژنامەی شەهادەی کوردی بەقەڵەمی شەپۆل ساڵی ۹ ژمارە ۳۸۲ لە ۱۷ دسامبر ۱۹۹۱ زو ۲۶ ئازەری ۱۳۷۰ یهەتاوی بلاوکراوەتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

**فەرهەنگ ومەعنەوییەت؛**

فەرهەنگ بریەتی یە: لەزنجیرەیەک ئوسول و داب ودەستوروزاکۆنی خوو ئەخلاقی و کردەوەیی و رەفتاریّ کەتاکە تاکی، یەک کۆمەڵگا لەکەناری یەکترین ولەپێکەوە بوندا دەی گرنە بەرچاو ورعایەتی دەکەن.

یەک کۆڕو کۆمەڵ چ گچکە بێ وەکو بنەماڵەو خاوخێزان، چ گەورە تربێ وەکو گەرەک، فێرگە، کارگەو... یالەبیچم گرتنی پەرەدارتردابێ، وەکو نیشتمان، یا بەواتایێ گشتی‌تر کومەڵگای مرۆفی وئینسانی لەجیهاندا، ناچارە راکۆن و زاکۆنیّ قەبوڵ بکا، کەپێکەوە ژیانی تاکە تاکی ئەوکۆمەڵگایە، دەگونجێنێ و دەبێتە هۆی پێوەندی باشترو شیاوتری ئەو کۆمەڵگایە، لەگەڵ کۆمەڵگای تر، لەپلەیێ پەرە دارتری مرۆفانی دا.

**فەرهەنگ لەکۆڕو کۆمەڵگای جیاجیادا دیارە یەکسان ویەک جۆرنیە،**

لەزۆر شوێنی تایبەت لەجیهان، هۆزێک یا نەتەوە یەک، هەن کە **داب و دەستوروباوی تایبەت بەخۆیان** هەیە وزاکۆنێک بەرێز دەگرن،کە لەفەرهەنگ وباوی کۆمەلایەتی هۆزو کۆمەڵگاییّ‌تر دور لەزاکۆن بێ و دژی ئوسول وبنەرەت‌بێ، بەلاّم بەگشتی لەنێوکۆروکۆمەڵگای پەرەداری مرۆفانی، داب و دەسوری، قەبوڵ کراو وجودی هەیە، کەگشت ئینسانەکان و مرۆفەکان لەراستی و دروستی ئەوەدا بیروراو باوەریان یەکەوراستە وباشە، هەر چەندە لەواتاو میصداقی ئەوئوسول وزاکۆ نەدا، جیایی بیرو باوەر هەبێ، بۆوێنە ئەو ئوصول وزاکۆنانەی قەبوڵەوبەرەی مرۆف پیێ باشە ئەسڵ وبنەرەتی ئازادی یە، بۆ تاکەتاکی بەرەی ئینسانی، دەس درێژ نەکردن بۆ ماڵ و گیان و ناموسی خەڵکی دیکە، پەسەند بونی چاکەو چاکی، خۆشەویستی، فێربونی عیلم وزانست، پاکی، یا ناشیرینی و دزێوی زوڵم، ستەم، کوشتن، پیسی وچەپەڵی، نەزانی و...

جاکەوابێ چتگەلێکی ئوسولی وداب و دەستوریّ لەجیهاندا هەیە،کەگشت تاکە تاکی ئینسان وئەنزان لەئەسلی بون و بنەرەت بونی ئەوانە بیروباوەریان یەکەوبروایان بەو ئوصول و زاکۆنە هەیە، بەلاّم لەکۆمەڵگای بەرتەسکتر، ئەم یەکیەتی بیرو رایە دەشێوێ و

ئالۆزدەبێ ودەگوردرێ وجیاوازی بەدی دێ.

چونکا بەرداشتی جیاواز لەیەک ئەسڵدا وجودی هەیە، کەیەکبونی بیرورا لەپاژدا نەگونجاو دنوێنێ.

دیارە لەرۆژگاری پێوەندی، پێوەندو تیکلاوی، رۆزتر کۆرو کۆمەڵگا، لەگەڵ یەکتردا، تێکلاوی فەرهەنگی بێ رەنگورو دەکا.

**تێ هەڵەنگوتن:**

تێ هەڵەنگوتنی فەرهەنگەکان لەیەکتر، بەرەبەرە یەکێ لەو فەرهەنگانە سەر دەکەوێ و بەسەر ئەوانیترا زاڵدەبێ و ئەوانی تر دەگۆرێ و بەرەولای خۆی دەیان کێشێ و خو وئاکاروگۆرِیانیان بە سودی خۆی تێ دا بەدی دەهێنێ، هەرچەندە فەرهەنگە رەسەنەکان کە بیانەوێ خۆرابگرن لە راستئەو فەرهەنگە هێرشکارە بێگانەدا تابشت دەینن و تیاناچن، بەڵام ئەزمون نیشانی داوە، کە ئەگەر پارێزگاری لەفەرهەنگ نەکرێ، فەرهەنگی ریشەدار وزیندوشکەم کەم زەرد هەڵدەگەرێ و کز وسیسدەبێ و ئوسول و خوو ئاکاروخولقیان بەدرێژای رۆژگار بەرەولای فەرهەنگەزاڵە کە دەگۆردرێن و سەرەنجام تیا دەچن.

هەرچەندە کۆرِوکۆمەڵگا لەژن ومێرد بەجوتە ساز بوەو فەرهەنگی کۆمەڵگاش بەکاروکردەوەی هەردوچینی ژن و پیا و،دیمەن وشکڵ دەگرێ وبەردەوام دەمێنێ، بەڵام ئەکرێ بڵیین کە نەخشی ژن لەپاراستن و بەردەوامی فەرهەنگ لەپیاو زۆرتروبەرفرەترە، چونکاژن خۆی بەناوی نیوّی لەکۆرِو کۆمەڵدا دێتەژمار فەرهەنگ،لەلایەکی دیکەوە بەپەروەردەکردنی زا روک وفێرکردن و بارهێنانی منداڵ کە لەهەردو توێژی کورو کچن، فەرهەنگی خۆی ئەدابە بەرەی داهاتو.

لەم راگوێزان و جێ بەجێ کردنەدایە کە ئەگەر ژن پا ریزەری فەرهەنگی خۆی بێ، فەرهەنگهەر بەو ئەسڵەوە، ئەچێتەنێو بەرەی داهاتو، بەڵام ئەگەر خۆی یەخسیری فەرهەنگی نامۆ وبێگانەبوبێ، فەرهەنگێ کە رای دەگوێزێ، فەرهەنگی ئالوزاوو

شەمزاوەو کەچ ولار ئەبێ کە بەلای فەرهەنگە نامۆزاڵەکەدا دیمەن و شکڵ ئەگرێ و بەخۆدادێ،جاوای بۆ بەرەیەک بەفەرهەنگی گۆڕدراو بە فەرهەنگی نامۆ هەڵبدا کەنەئەسالەتی فەرهەنگی خۆیان هەیەو نەئەسالەتی فەرهەنگی نامۆو بێگانە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کەئەگەر بەرەیەک ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی خۆی لە کیس بدا، چ چارە نوسێکی دەبێ؟ وەکو کوردەکانی هەڵەبجەیان بەسەردێ و بەگازی خەردە ل و سیانورو بۆمبی شیمیایی صەدام، عەرەبی تەکریتی ئاگر ئەدرێن و دەبنە هیرۆشیمای کوردستان. لەبەر ئەوە زیاتر لە چواردەسەتە، دەسیان لەفەرهەنگی باو باپیرانیان هەڵگرت و خزمەتیان بەزمانی قورئان کرد کە عەرەب بەزمانی خۆی دەزانێ، دەک قورئان لەگورچوی صەدام و درۆزنانی مێژوبدا کە قورئان دەکەنە هی خۆیان، چونکاهەمو دەزانین قورئان هی گشت موسوڵمانانە، چ فارس، کورد، تورک و...بێ ئیتر بە تەنیا هی عەرەب نیە.

وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە کە ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی پتەوی و کەسایەتی بەتاک ئەداکە ئەو لە دودڵی ودڕ دۆنگی بیری و هزری و رۆحی دەپارێزێ، کەسێکەخێوی فەرهەنگی رەسەن و پاڵاوتە ودروستبێ و لەسەر خۆی بزانێ کە بەو فەرهەنگ و داب ودەستو رانەی باوی نەتەوەی خۆی رەفتار بکاو خۆی لە وانە، دانەڕنێ، لەکەف و کوڵی دڵ و دەرونی و رۆحی کە مرۆف توشی هەڵ چون ونائارامی دەکا لەرێگای دورستی ژیان دەری دەپەڕێنێ، دەپارێزرێ و ساغ دەمێنێ، کەسێکی ئاوەها پشتیوانی مەعنەوی کافی،بۆ بوز دەخواو ئەبێتە خێوی ئەقیدەو باوەڕێکی بەردەوام و لی بڕان و لێ نەوین کە بۆگەیشتن بەئارمانجی بەرزی مرۆفانی پیداویست، زۆر ئاسان دەی گرێتە باوەش، چونکا هەم لەخۆی و هەم لە فەرهەنگی دروستی خۆی دڵنیایەو هەر ئەم دڵنیابونە شە کە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی تەوازونی فیکری و ئارامشی رۆحی و خوی پەسەند و چاکی مرۆفانی و ئینسانی یانێ: رێزدانان بۆ ژن.(شەهپۆل)

* * *

Dr.Saleh Ebrahimi

# لێکۆڵینەوەیەک لە سەر میشکات الانوار:

میشکات الانوار یا ئەسراری ئەنواری ئیلاهی ئیمام محمد غزالی ئیمام محەمەد غەزالی لەم ریسالەدا بیرو رای فەلسەفەی ئیشراقی گرتۆتە پێش و دەکوشێ بەیارمەتی وەرگرتن لە ئایەتی نور: (اَللّٰهُ نُورُ السَّمواتِ وَ الاَرْضِ)و فەرمودەی حیجاب: (اِنَّ لِلّٰهِ سَبْعِينَ حجاباً من نورو ظلمة)و تەئویل کردنیان، تەنیا بە تەئویلی زاهری ئەو ئایەت و فەرمودە بەس ناکا، بەڵکو ئەسراری ئیلاهی و رازی نهێنی لەو دوانەدا بە پێی شێوەی تایبەت بەخۆی دەکەوێتە لێکوڵینەوە. شێوەی تایبەتی تەئویلی ئیمام غەزالی لە ریسالەی (میشکات الانوار) دا بەدرێژی بەیان کراوە. بەکورتی لێی دەکۆڵینەوەو قسەی لی دەکەین و دەی خەینە بەر سەرنجدانی ئیوەی ئازیز ... بێ سی‌ودو ناوەروکی فەلسەفی میشکات الانوار بەر لە هەرشتێک لە تەویلاتی باتنی‌گەری، لەبابەت تەفسیری باتنی و پاڵدانەوە بەسەر رموزو ئیشاراتی ئەو دوانەو ئەوەی کە لە ناخی ئەو دوانەی دەرکێشاوەو سەرەنجام ئەوەی ئیستخراج یا دەسە بەندی کردوە، دور بێ.

لەسەر ئەم بنەرەتە ریسالەی میشکات الانوار لەنێو شۆینەوارە کانی ئیمام محەمەد غەزالی لە نەوعی خۆیدا بێ‌وینەیە لە وەحدەتی تەئلیفی تایبەت بەخۆی بەشدارە. هەر چەند لە ئاخر جزمی سێوەمی کتێبی ئەحیاء العلوم الدین کە بەر لەمیشکات الانوار نوسراوە لە باسی فەرمودەی حیجاب هەندێ لەم قسانەی هێناوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

## کژیا بەشی یەکەم

لە بەشی یەکەمی ئەم ریسالە ئیمام غەزالی لە بابەت واتای (نور)لە عورفی عامو خاسو لە پاشان لە عورفی خاسی خاسانەوە قسەی لی‌دەکا، باسێکی پێشەکیە، لەم بابەتەوەکە خوا نورالانوار یا نوری ئەعلاو ئەقسایە،وە نوری حەقو حەقیقیش هەر خوایە، باقی ئەنوارکە تەنیا بە مەجاز بە نور ناو دەبرین، لە خواوە سەر چاوە دەگرن.

هەر دەلێی: ئیمام غەزالی پەی بەشتێ بردوەو ئەوەی بە بەدیهیو سەلمێندراو داناوە، وە ئەوەیش بەمجورەیە: کە جیهان دارای ئەسڵێکە جیا لە خۆی. ئەم ئەسڵە نوری حەقیقی یا نوری بالذاتە. لە پاشان ئیمام غەزالی بەرە بەرە هەنگاو هەڵ ئەگرێ بۆلای نەک بۆ ئیسباتی ئەم نورە، بەڵکو بۆ تەقریری وجودی ئەوە. نور لە عورفی عامدا شتێکە، خۆی ببینێو خەڵکی دیکەش بەیارمەتی وەرگرتن لەو ببین، هەر وەکو نوری رۆژو مانگو چراو ئاگری هەڵکراو. بەلام لە بەر ئەوەی ئەم نورە تەنیا بەچاو نەبێ کە بتوانێ ئەوە ببینێ، نابیندرێو نایتە ئیدراک، چونکا لە ئید راکدا رۆحی بینەریا روکنێ لەو زانیوە، لەم روەوە حەق ئەمەیە کە ئەوە بە نور یا نوری زاهیر نابڕێ، ئەمەیەکەمین هەنگاوە کە غەزالی لە بەرز بونەوەی واتای نورو تەجرید-ی نور هەڵی دەگرێ. چونکا لە نوری زاهیری مەحسوسەوە پەی بە نورێ تر دەبا کە نهێنیو نامەحسوسە. ئەم نورە هەمان نورە لە عورفی خاسان[1].

لەپاش ئەمە ئیمام غەزالی لە بابەت نوری دیدەوە دەکۆڵێتەوە کە موبتەلا بەکەمو کوری‌یەکی زورە، ئەم نورە نوری غەیری خۆی ئەبینێ،بەلام خۆی نابینێ وە لەشتو مەکیش تەنیا زاهری ئەوانە دەبینێ شتی زور دوریش ئیدراک ناکا، تەنیا شتی موتەناهیو مەحدود نەبێ نای‌بینێ. چکۆلە بەگەورەو گەورەش بەچکۆلە، ساکن بە موتەحەریکو موتەحەریک بە ساکن ئەبینێ. بەلام لەئینساندا «چاو» ێک هەیە کە ئەوکەمو کوریانەی تی‌دا نابیندرێو ئەوەش «ئەقڵ»یا رۆح، یانەفسی ئینسانیو مرۆفانی‌یە. لەم روەوە باشتر

Dr.Saleh Ebrahimi

وایه بە ناوی نور ناو ببریٚ نەک نوری چاو. ئەمە دوەمین هەنگاوێکە ئیمام محەمەد غەزالی لە تەجرید-ی نور- دا هەلّی دەگریٚ، چونکا غەزالی بەمە دەگاتە نور-ی ئەقلّی یەکەم کە مـرۆف بـەوە خـۆیو غـەیری خـۆی دیـاری دەکـا: (تـەشخیسی ئـەدا)وە موتەنـاهیو ناموتەناهیو ئەشیای زۆر دورو نیزیک دەرک ئەکا. ئەو دیوی پەردەی هەبون ئەناسیٚتەوەو ئەچیٚتە نیٚوناخی هەرشتیٚکەوەو رازو نهیٚنیو حـەقیقەتی ئـەوانـە بەچـاکـی دەرک دەکـا، جیهانی بالاّو پاین (سەرو خوار) دەناسیٚتەوە و ئافەریدگاری بەرزو بلّیند، دەرک ئـەکـاو نیسبەتی ئەو لە گەلّ دنیا تیٚدەگا. باوەکو ئەقلّ لەبەر ئەو هەموە کەمالّە شیاوترە کە بەنور ناوببریٚ بەلاّم هەمو شتیٚک یەکسان دەرک ناکا، هەندیٚ شت راستەو خۆو بەئاشکرا دەرک ئەکاو هەندیٚ تر تەنیا بەفیر بون لە سەر چاوەی حیکمەتی خوا درک ئەکاو بەس، قورئان لە ئەقلّ زیاتر ئاگاداری ئەدا، چونکا لە گەورە ترینو بەرز ترینی حیکمەت سەرچاوەی گرتوە، جا لەبەر ئەمە قورئان لە ئەقلّ شیاوترە، بۆ ناوی نور، وە لەم دو ئایەتەدا بە ناوی صیفەتی قورئان ناو براوە هەر وەکو والنور الذی انزلنا...[1] یانی نوریٚ کە ئەوەمان نارد (قد جاءکم برهان من ربکم وانزلنا الیکم نـوراً مـبیناً-[2] یـانیٚ: نـوریٚکی ئـاشکرامـان بـۆ ئـیۆە نارد(دیارە مەبەست لەم نورە لەم دو ئایەتەدا قورئانە).

ئەم بەشە سیٚوەمین هەنگاوە لە (تەجرید)ی نوردا چونکا لەگەلّ نوریٚ سەرو کارمان هەیە کە لە نوری ئەم جیهانە نیە، بەلّکو لە عالەمی مەلەکوتەو قۆرئانیش لەوە:(لە عالەمی مەلەکوتە) عالەمی مەلەکوت، عالەمیٚکی بەرینە کە پەریەکـان لەویٚ نـیشتەجیٚنو رۆحو گیانی سالیکان، بەرز ئەبنەوە بۆ ئەوی.ئەم عالەمە هەمـان عـالەمی غـەیبیە کـە عـالەمی شەهادەت، شوٚینیٚکە لە شوینەوارەکانی ئەوەو نسیٚیو سیٚبەریٚکە لەوو سەبەبیکە لەو. وە تەژیو پڕە لە نور، ئەنواری عالەمی فەروە دین (نۆسان) هەمیشە بە پیٚی دورو نیٚزیکان لە

1 - تغابن(ئایەتی 8)

2 - سورەی نیساء ئایەتی 174

Dr.Saleh Ebrahimi

سەرچاوەی نوری یەکەم لە عالەمی مەلەکوت، نور دەگرن. ئەم سەر چاوەی (نوری یەکەمە) ئیمام غەزالی بەمانگێکی دەشوبهێنێ کە لە روچنەی ماڵێکەوە بدالەئاوێنەیەک کە لەدیواریان گرتبێ‌و لەو ئاوێنەشەوە لەئاوێنەیەکی تربدا کە لە دیوارێکی دیکە گیرابێ‌و سەرەنجام بدا لە زەوی‌و نورانی‌و روناکی بکاتەوە، ئەمە یەک نورەکە بەهۆی ئینعیکاسەوە نورێ زۆری لێ پەیا بوەو جا چون وجودی ئەو هەموە نورانە لە نوری یەکەمەوە سەریان هەڵداوە، قەت ناتوانن لەزنجیرەی ئەوە جیابنەوە، بەڵکو تا بێ‌نیهات پێکەوە لکاون، وە سەرەنجام بە سەرچاوەی نوری یەکەم کە نوری بالذات یانوری حەقیقی یا نوری مەحز(اللّە)ی ناوە پەیوەندئەدرێ ئەم نورە حەقیقییە هەر ئەوەیە، کە خەلق‌و ئەمرە(ئافەرینش‌و تەگبیر) لەدەس ئەودایە، نورانی بونی سەرەتای ئافەرینش بە فەرمانی ئەوە: (خوایە)و بەردام بونی ئەم نورانی بونەش لە پلەی دوەمدا هەر لەوەوەیە. لە راستی‌دا نورانی بون-ی هیچ کەس لە سەرەتاوە لفەودوانەی ئەوکەسە:ئەوزاتەنەبوەوکەس شیاوی ناوی پلەیی وا نیە، لەراست نوردا تاریکی‌و زوڵمەت هەیە، جا چون نور وجودی مەحزە، دیارە تاریکی یازوڵمەت عەدم‌و نەبونی مەحزە، چونکا نەبون: (معدوم) نە بۆ خۆی وجود پەیا ئەکاو نە بۆ غەیری خۆی، بەڵام ئیمام عەزالی دو بێژەی نورو زوڵمەت هەر وەکو رچەی(ئەنەوی‌یەتی ئیرانیان-ی کۆن بە واتایی دو مەبدەئی دژو جەنگەندە بەکار ئەبا. بەڵکو نور لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە وجودی ئیجابی‌یەو زوڵمەتیش سەلبی ئەم وجودەیە،جا لێرەوە کە وجود دابەش ئەبێ بەوەی کە دارای صیفەتێکی ئاوا زاتی‌یەو ئەوە کە خێوی ئەم صیفەتەیە بەیارمەتی غەیر، لە راستیدا شتانێ تر بێجگە لەو(خوا) مەجازەو وتنی نور هەر بۆ خوا راستەو حەقیقی‌و واقیعیە.[1]

---

١ ـ نوکتە: من خۆم ئەم بیرو رایەی ئیمام محەمەد غەزالیم زۆر جوان دەرک کردو تیێ گەیشتم بەم واتا: لە رۆژی پینجشەمە ١٣٧١/٨/٢١ی هەتاوی کە لە تورکیا لە کاتی ٩/٥سەر لە بەیانی بەماشین لەسیواسەوە بەرەو ئێران دەهاتم هەروا کەوتبومە بیری ئەم فەرمودەو نەزەرەی ئیمام غەزالی لەپڕا روانیم کە نوری رۆژ لە لای دەستی چەپی لێخورە(راندە)وە۔ئەدا لە ئاوینەی بەرسەری راندەکەو لەوێوە نورەکە لەشوشەی لای راستی ماشینەکەی ئەداو وێنەی

Dr.Saleh Ebrahimi

وە هەروا چون نیسبەتی وجود بە بەشی ئەخیر لە ئیضافەی ئەو یانی لەنیسبەتی ئەو لە غەیری خۆی سەرچاوە دەگرێ نەک بالذات، زولْمەت یان،لە مەقولەی عەدەمی مەحز داناوە. جیهانی بون یا باشتر بڵێین: ئەوەی کە غەیری ناوی خوای لە سەر دائەنێن: (ماسوی‌الله)لە زاتی خۆیدا عەدەمی مەحزە،وجودی حەقیقی هەمان خوای بەرزو بڵیندە کە نوری حەقیقی‌یە،ئەبێ بزانین: کە ئەم قسە لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە جۆری یانەوعێ تەعبیری مەجازی نیە، بەڵکو حەقیقەتی دیارو ئاشکرایە چونکا ئەم شتە دەسکەوتی بیرو رای باری ئەقلی نیە، بەڵکو حەقیقەتێکە، کە عاریفانو خواناسان، لە کاتی میعراجو سەرکەوتنی رۆحیدا لە (قولاّیی)مەجازەوە بەرزی حەقیقەتی ئەوە بە ئاشکراو بەعەیان دەبینن. وە لە رێگای شەوقو زەوقەوە واتای فەرمودەی خوا «کل شیئی هالک الا وجهه»نە بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە مەسیری بوندا (بەرەو لای خوایە)لە روژێ لە روژگارەکاندا تیا ئەچێ، بەڵکو بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە خوا، بۆ هەمیشە(ازلاً و ابداً)نابودە.

دیارە هەر مەوجودێکی ئاوەها ئەبێ تیا بچێو نابود ببێ،وجودی حەقیقی هەمان زاتی خوایە، کە لە مالیکیەتی بوندا (ازلاً و ابداً)لەم دونیاو لەودنیا تاکو تەنیایە. ئەم بانگەوازەی خوا لە رۆژی بەرێدا لە نیو خەلکدا دەنگ ئەداتەوە کە «پاشایی ئەمرو هی کێیە؟(هەمو دەڵێن): هی خوای تاکو تەنیاو خاوەن وزیە»تەنیا تایبەت بە قیامەت نیە، بەڵکو لە گوێی خەڵکی ئەم دنیاش هەمیشە دەنگ ئەداتەوە.

غەزالی لەو پەری بیرو ئەندێشەدا بەبیرو رای شەبیە بە وەحدەتی وجود دەگا کە هەر دەمێ فەرمایشەکانی لە قەبیلی شەتەحاتی صوفی‌یە بهێنینە ژمارە ئەوسا بەدژواری

---

رانندەکە، لە نێو ئاوینەکەوە، ئەدرا لە شوشەی لای دەستی راستی ماشینەکەو لەوێوە وینەی رانندەکە، لە دەرەوە دەر دەکەوت، جاری وابو، دەبوە، چار یاسێ وینەو ئەو تاقە وێنە کە لە نیو ئاوێنەکە دەر ئەکەوت، بەو نوردانەوە لە دورەوەی لای‌راستی ماشینەکە بەسێ یا چوار وینە یا زیاتر دەبیندرا. (شەپۆل) ١٢ نوامبری ١٩٩٢ زاینی‌و ٧١/٨/٢١

Dr.Saleh Ebrahimi

دەتوانین غەزالی لەم ئەقیدە بەر کەنار بزانین.

بەڵام شتێ کە بسەلمێنێ کە ئیمام غەزالی لە یارانی شەتەحات بوە بە دەسەوە نیە، بەلام ئیمام غەزالی بە پێی ئەم قسانەی خوارەوە، زۆر لە وەحدەت وجودی یەکان نیزیکە ئیمام غەزالی دەفەرمێ: «دنیا پڕو تەژییە لە نور ...هەمو ئەم نورانە بو لای نورالانوارو سەر چاوەی یەکەمی خویان بەرز دەبنەوە ئەم نورەش هەمان نوری خوای بەرزی بێ هاو تایە. نورەکانی دیکە هەمو عاریەتی و ئەمانەتین و نوری حەقیقی تەنیا ئەوە: (خوایە)هەمو بون و گشت نوریک هەر خۆیەتی(هەر خوایەو بەس)هیچ شتێک بێجگە لە دیمەن و هەیئەتی مەجاز، هووییەت و حەقیقەتی بۆ نیە. جا چونکا بێجگە لەزاتی ئەو،خودایەک نیە لە.نەتیجەدا نیە،ئەوی هەیە، هەر ئەوە بون،هەر خۆیەتی کە ئیشارەو ئاماژە کردن،هەمو بو لای ئەوە، هیچ ئیشارەیەک بێجگە بۆ لای ئەو نیە» ئیمام غەزالی بەئاشکرا نالێ: حەق هەمان خەلقەو ئەم دوانە دیمەن و سورەتێکن بۆ یەک حەقیقەتی تاک. هەر وەکو ،کوری عەرەبی دوای ئەو دەڵێ: تەفاوەت لە نیو ئەوانەدا ئیعتباری‌یە بەڵکو ئیمام غەزالی دەڵێ: هیچ مەوجودێ بێجگە لەزاتی پاکی خوا حەقیقەتی بۆنیە.رەنگدانەوەو عالەم تەنیا لە ریگای رەنگ‌دانەوەو ئینعکاسی وجودی حەقەوەیە هەر وەکو ئینعکاسی نوری مانگ لە ئاوینەی جور بەجورەوە- بەزیوەری وجود نارازیتەوە. ئەمە لە روانگاری غەزالی‌یەوە حەقیقەتێکە کە ئەقڵ و ئاوەز دیانی پێدا ناوەو کەشفی صوفیانەش ئەوەی سەلماندوە، غەزالی لە ئاخرین پلە لە ناسین،تەفاوەت لەنێوان تەوحیدی عەوام لە سەر بنەرەتی (لا الەالااللە)و تەوحیدو خوا بەیەک زانینی خەواس لە سەر بنەرەتی (لا الە الاهو)روناک دەکاتەوە (هو) لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە هەر وەکو وتمان بریەتی‌یە لە وجودی گشتی کە ئیشارە بۆ لای ئەو دەکرێ، تەوحیدی خەواس بە پێی بیرو رای ئیمام غەزالی «ویژەرەکەی کامڵترو شاملترو حەقیقی‌ترو وردترو دەخیل تر لە هەموکەس لە فەردانیەتی مەحزو وەحدانیەتی صرف ـ ی خوادا، واریدی دەکا وە نیشتمانی فەردانیەت ئەو پەری میعراجی ئافەریدەگانە».

Dr.Saleh Ebrahimi

له پەراوەکانی دیکەی غەزالی دا-کە قسەی لیوە دەکەین - ئاوا بەئاشکرا لە وەحدەتی وجود قسە نەکراوە، ئەوەی لە «ئەحیاءالعلوم‌الدین‌دا»یاد کراوە کە: «بون بیجگە لە خواو شوێنەواری ئەو شتێ دیکە نیە. وە بون هەمو جیلوەی شوێنەواری زاتی خوا یە» لە راستیدا ئیعترافێکە بە وجودی بون لە کۆبەی وجودی خوادا، وە دەروازە لە سەر بیرو رای وەحدەتی وجود، دا ئەخا ئایا ئەتوانرێ بوترێ کە ئیمام غەزالی لە ریسالەی میشکات الانواردا لە روانگای خۆیەوە لە بابەت حەقیقەتی وجودەوە بیری گوریوەو بیرێ تازەی دەر بریوەو مەیلی ئاشکرای بۆکشانی صوفیانەی، بۆ پەیدا بوە؟ کە صوفیان قایل بە وەحدەتی وجودن، هەر دەمێ بمانەوێ بەتەمسیلی نوری مانگو ئاوێنەگەلێ کە جێی تابشی مانگن، سەرنج بدەین، قەبولْ دەکەین کە ئەو نورە «رەنگ دانەوەیانە» مونعەکیسانە لە ئاوینەکاندا. لە حاڵێکدا کە هەنو مەرئین، زاتەن خێوی وجودی حەقیقی نین، بەڵکو رەنگ دانەوەیەکن لە نوری یەکەم یانێ: لەنوری مانگ بەلاّم مەبەستی ئیمام غەزالی لە ئاوێنە لە تەمسیل‌دا چیە؟و ئەم شتانە لەتەمسیلی ئەودان چشتێک دەنوێنن؟ ئایا ئیمام غەزالی بەشتێ وێنەی هەیولای یەکەمین کە فەلاسیفە بۆ رەنگ دانەوەو دەنگ‌دانەوەی نوری ئیلاهی لە بەرچاو دەگرن، بیری کردۆتەوە؟ لە حاڵێکدا کە ئەزانین کەئیمام غەزالی بە ئینکار کردنی تەواوی وجود، مادەی قەدیمی عالەم ئەداتە دواوە، وەعالەم بەمەخلوقێ حادیس لەعەدەمەوە، دەزانێ. ئەوەی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئیمام غەزالی بەتەمیسلێکیوا (تەمسیلی نوری مانگو ئەنواری رەنگ دانەوە لەوە) موشکیلی صدوری عالەمێ لە خواوە ئاڵوزاندوەو لە سەر بنەرەتی ئەقڵی دەس ناداتە تەوزیحو لێکۆڵینەوەو ئاشکرا کردنی ئەوە. ئێستا ئەبێ بروانین کە ئایا ئەزمونی صوفیانە لە کردنەوەی ئەو گرێ پوچکە، یارمەتێکی بەوکردوە؟ ئیمام غەزالی لە عارفانێ یاد ئەکاکە لە وجود دا بێجگە لە خوای تاقانەی حەقیقی شتێ‌تر نابینن، کە لەودا بێجگە لە خوا شتێ نابیندرێ لەم روەوە هەندێ لەوانە هەر وەکو حەللاج هاواری (ئەزحەقم)ی بەرزکردۆتەوەو یەکێ‌تر «سبحانی مااعظم‌شأنی»بەزارادینێ(مەبەست بایەزیدە) بەلاّم ئەم حاڵەتە«وەحدەتی شهود»ە نەک

Dr.Saleh Ebrahimi

وەحدەتی وجود. وەحدەتی شهود حاڵەتێکە، کاتێ صوفی دەگەڕێنەوە لای سوڵتانی ئەقڵ، ئەوحاڵەتە زو لە نێودەچێ. لەم کاتەدا صۆفی تێ دەگا کە: «ئەم حاڵەتە یەکبونی بەراستی نەبوە، بەڵکو وێنەی یەکبونێک بووە هەر وەکو قسەی ئاشقو ئەویندارێک لەو پەری ئەویندا»: «انا من اهوی‌و من اهوی انا». ئیمام غەزالی دەفەرمێ: ئیحساسی عاریف لە حاڵی فەنابون لە خۆو لەخەڵکداو بەقاو مانەوە بەحەق، یەکبونی مەجازی‌و تەوحیدی حەقیقی ناوە یانی: تەوحیدێ کە لە بوندا بیجگە لە خوای تاقانە شتێ تر نابینێ. ئەگونجێ ئەوەی کە تۆمەتی وەحدەتی وجود لە ئیمام غەزالی لادەبا، وتەیەکە لەم کتێبەدا لە ئاخری بەشی یەکەم بەم واتایە هاتوە: «خوا لەگەڵ شتێکدا هەیە،هەر وەکو نور لەگەڵ ئەشیا»و مودِەلەلی دەکا کە واتای ئەو «لەگەڵ هەرشتیکدا هەیە»ئەمەیە کە ئەو:(خوا)بەر لە هەر شتێو باڵاتر لەهەرشتێ دەرخەر«و موزهیری»هۆی وجودی هەرشتێکە. فەرمودەی ئیمام غەزالی لەم بابەتەوە کە ئەو: (خوا) «بەر لە هەرشتێکە»ئیقرار بەقەدیم بونی خوای بەرزەو قسەیەکی دیکەی ئەوکە وتویەتی: «خوا لە هەرشتێک بەرزترە»تەنزیەو بێنجەوشی خوایە، جا لە بەر ئەمە بێخەوشی خوا بە واتای حەقیقی،دینی موتڵەقە لە گەڵ، قسەی وەحدەتی وجود،سازگار نیە، هەر ئەم مەبەستە بۆتە هۆی ئەوەی کە(ونسینک)لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٤١ زاینی لە Semietische Studien uitde nalatenschap بلاوی کردۆتەوە، بە پێوەندی ئەم بەشە لەمیشکات الانوار لەگەڵ نو ریسالەی فلوتین (Enneodes) تایبەت بکا. ئەو لەو وتارەدا رای گەیاندوە کە ئیمام غەزالی هەوێنی باسی ئەم بەشەی لە کتێبی فلۆتین لەبەشی پێنجەم لە ریسالەی چوارەم کە لەودا فلۆتین قسەی لەمەبەستی: «رؤیەت: دیدار»کردوە، وەرگرتوە، دوکتور ئەورەحمان بەدەوی لە کتێبەکەی خۆیدا[1] چەن بەرگەی پرش‌و بلاوی لە تەرجەمەی عەرەبی کە دراوەتە پاڵ فلۆتین:فەیلەسوفی یونانی، هێناوەو ئەوسا رای گەیاندوە کە ئەمە نیشان ئەدا

---

١ ـ فەلوتین لای عەرەب لاپەرەی ١٨٩ـ١٩٢

که ئەم فەسڵەکراوەتە زەمانی عەرەبیو لەوە دەچێ کەوتبێتە دەسی ئیمام محەمەد غەزالی، بەڵام ئەبێ بڵێین:کە فلۆتین لەم فەسڵەدا لەبیرو رای بینایی و چلونایەتی ئینتقالی مەرئی لەچاودا، قسە دەکا، وە لە ئەندێشەی واسیتەکە صورەتی مەرئی بە هۆی ئەوەکە لە ناوەندی بینایی قەرار دەگرێ، رەخنە دەگرێ، بەم‌حیسابە لە نێوان ئەم فەسڵەو فەسڵی یەکەمی کتێبی میشکات‌الانوار تەصەور ناکرێ.

بەبیرو رای دوکتور ئەورەحمان بەدەوی ئەگونجێ ئەوسەر چاوەی کە تەئثیری کردۆتە سەر ئیمام غەزالی کەژو فەسڵی پێنجەم لەریسالەی پێنجەمی فلۆتین بێ.

ئەم فەسڵە بەوێنەی کورتەیەک لەریسالەی (زانستی ئیلاهی) مەنسوب بەفارابی‌یە.

دوکتور بەدەوی ریسالەی مەنسوب بە فارابی لەکتێبی خۆیدا بە ناوی (فلۆتین لای عەرەب) بلاوکردۆتەوە،کاتێ دەروانێتە ئەوکتێبە شتێک کە ئەوەی بگەینێ کە غەزالی بۆمیشکات‌الانوار لەو ریسالە کەڵکی وەرگرتوە بەرچاو ناکەوێ، بێجگە لەمە کە بەشێکی کورت لەوە کە ئیشارە ئەکا بەمە کە فعلِ فاعل ئەوەڵ ئەقڵەو **ئەقڵ‌نوری باتنی** ئەم جەوهەرەیە، هەر وەکو نوری خۆر کە لە رۆژ(وخۆر) تیشک بەسەر شتو مەک دەهاوێژێ. بەراوەژو لە ریسالەی:(علم‌آلهی)دا بیرو رایەک هەیە کە بەئاشکرا لەگەڵ بیرو رای ئیمام محەمەد غەزالی‌دا ناسازگارە.

لەم ریسالەدا بۆکشانێکی دیار بۆ لای بیرو رای(فیض‌فلوطین) دێتە بەرچاو. بیرو رای (فیض)کە لە (لایەن فلوطین)ەوە دارێژراوە، ئیمام محەمەد غەزالی لە پەراوی: (تهافت‌الفلاسیفه)دا رەتی کردۆتەوەو پەیرەوانی ئەم بیرو رایە بە کەم مێشک دا ئەنێ.

لە بەرا روناکمان کردەوە کە ئیمام‌محەمەد غەزالی چلون لە نێوان نورالانوار:(اللّه)و (مطاع)و لەنێوان مطاعو بونە وەرانی دیکە پێوەندی نیشان ئەداو هەروا رون کرایەوە کە ئەم مەسەلە بەلای ئیمام غەزالی‌یەوە پێوەندی خەلقی‌یە، نەک پێوەندی فیضی بەواتای فلۆطینی ئەوە. راستە کە ئیمام غەزالی واتای نورو نور دانەو فەیض لە وێنەگرتنی:(تصویری) ئافەرینش‌دا بەکار ئەبا بەڵام ئەنوارێ کە تا نورالانوار چۆتە پیش و

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەگەن:کانو سەرچاوەی یەکەم، ئەنواری عاریەتینو لە نوری ئەوەڵ وەرگیراونو حەقیقەتی زاتیان بۆنیە. ئێستا، کە ئەو فیوضاتَ: بەپیێ (بیرو رای فەیضِ فلوطین) مەوجوداتێکی حەقیقینو هەر یەکە وجودێکی تایبەت بەخۆی بۆهەیە، دیارە فلۆطین قەت نالێ کە وجودی ئەمانەوابەستە بەواحیدی-ی ئەوە بەوەیە.

چ بەڵگەیەکمان بەدەسەوەیە کە بڵێن:ئیمام غەزالی لە پەرتوکی **میشکات الانوار** لە ریسالەی (عیلمآلهی) مەنسوب بە فارابی، زیاتر لە پەراوەی کتیبی(ئەثولوجیای ئەرەستو) شوێنی وەرگرتوە؟لە حاڵێکدا ئەمکتێبە سەرچاوەی یەکەمینی زانستو زانیاری فەلاسیفەی ئیسلامی سەبارەت بە نەو ئەفلاتونیان بو. ئیمام غەزالیو زۆربەی فەلاسیفەی ئیسلامی لە زاراوەی نەو ئەفلاتونیان کەڵکیان وەرگرتوە، سەرەنجام، لەوانەدا واتایێ تازەتریان ئەدۆزی‌یەوەو بە جورێ دەیان گۆڕیو لە واتای ئەسڵی دەیان بردە دەرێ، ئەمە خۆی ئیبتکارو ئەصالەتی فەلاسیفەی ئیسلامی نیشان ئەدا، نەک پەیرەویو تەقلید لەوان.

## کژیا بەشی دوەم

ئیمام محەمەدی غەزالی لەم بەشەدا هەندێ بێژەو واژە کە لە ئایەتی نوردا (اللّٰه نور السموات‌و الارض...) وەکو: مشکاة، مصباح، زجاجه، شجرة، زَیْتْ، نار- هاتون بە پیێ رەمزو رازێ کە ئیشارە دەکەن بەواتای نهێنی کە لەو دیوی رواڵەتی ئەم واژانە دان، شەرحی ئەدا. لە سەرەتاوە بۆ رون کردنەوە، دوباس دێنێتە پێش، لە باسی یەکەم تەبیعەتی رەمز: (تەمسیل)و رەوشتی بەکار بردنی ئەوە بەیان دەکا. وە لە باسی دوەمدا پلە پلەی رۆحی بەشەریو پلەی نوری ئەوە دێنێتە بەر قسەو لێکۆڵینەوە. وە لە ئاخری ئەو حەوت واژەی ناوبراوە رموزی ئەم رۆحانە دەبژێرێ. بیرو رای تەبیعەتی رەمزی ئەوە لە سەر بنەرەتی فەرضی موازات وهاو دەنگی تەواو لە نێوان عالەمی شەهادەت‌و عالە می‌غەیب، عالەمی جیسمانیو عالەمی رۆحانی‌یە. ئەم بیرو رایە بەمجۆرە تەفسیر دەکرێ کە، هیچ شتێک لە عالەمی شەهادەت‌دا نیە مەگەر تەمسیلو (نمونە) یەکە بۆ عالەمی مەلەکوت، عالەمی شەهادەت هوێ‌گەیشتن بەعالەمی غەیبە. ناسیاوی ئێمە بەعالەمی عولوی:

Dr.Saleh Ebrahimi

(جیهانی بەرزی بەرین) محاڵنیەو سەفەر بۆ لای خوای پەروەرندەو نیزیک بونەوە دژوارنیە. خوای تاقانە وێنەو میسالی بۆنیە، چونکا مەرجی نمونە بون بەزەروت، موتابەقە بونی دەوێ، کەچی خوا بونێکە، هیچ شتێک هاوتاو وێنەی ئەو:(خوا)نیە. جاکەوایە ئەبێ ئەو واژە تەمسیلیانەی کە لە قورئاندا هاتون، ئەبێ هەر وەکو کلیلی ئەسراری غەیبی بزانین‌و هەر وەکو رموزی خەو، ئەوانە واتاو تەفسیرو تەئویل بکەین. هەر وەکو رۆژ لە زانستی تەعبیرو لێکدانەوەی خەودا نیشانەی شایەو مانگیش نیشانەی وەزیرە کە فەربانی شا دەبا بەرێوە. هەر لە سەر ئەم شێوە مەوجوداتی عولوی رۆحانی، نیشانەو رەمزی عالەمی مەحسوسن. لە سەر ئەم بنەرەتە ئیمام غەزالی هەندێ لە نیشانەو رەمزی وەرگیراو لە قورئانی کەریمی بۆ رون کردنەوەی بیرو رای خۆی بەکار دەبا. بەبیرو رای ئیمام غەزالی: (تور=کێوی تور)رەمزی مەوجوداتی گەورەو سابت لە عالەمی مەلەکوتدایە، «وادی»: رەمزی مەجوداتی عولوی‌یە کە زانیاری‌و مەعارفی غەیبی وەر دەرگرن، جا ئەوسا مەعارف لەوانەوە نەقڵ ئەبێتە لای بەرەی مرۆف، «وادی ئەیمەن»:رەمزی سەر چاوەی یەکەمینی ناسیاوی‌و مەعریفەتە وە«نار»:رەمزی رۆحی پێغەمبەرە کە قورئان بە«سراج منیر: چرای نورانی»ناوی ئەبا.

«جذْوەو قَبَسْو شهاب: پۆلوی ئاگری سورو گەش):رەمزی کەسانێکە بەبینایی نەک لەروی تەقلیدەوە، کە لەپێغەمبەران پەیرەوی بکەن. «اصطلاء: خۆگەرم کردنەوە بەئاگر» رەمزی موشارەکەتی پێغەمبەرو پەیرەوانە «وادی مُقَدَّس» یەکەمین پلەیە لە پلەپلەی سەرکەوتی پێغەمبەر(د-خ) «خلع نعلین» رەمزی دڵو دەرون هەڵکەندنە لە هەر دوجیهان: دنیاو ئاخیرەت ـ «قلم»: رەمزی رۆڵو نەخشی عیلمی غەیبە لەرۆحی لێهاتوو موستەعیددا. «لوح محفوظ: تەتەڵەی پارێزراو » ویا«دق منشور»:رەمزی روحێکە، کە ئەم زانستە لەودا بنوسرێ. «ید»: رەمزی پەری‌یەکە، نوسەریی زانستەکانە «صورة» رەمزێکە، بۆ مەجموعی: ید، قلم‌ولوح، وە لە مرۆفدا «صورةالرحمان» صورتِ خودایی»یە. چونکا پێغەمبەر فەرمویەتی: (خوا مرۆفی لەسەر بیچمی رەحمان خولقاندوە،«ماء» هەر وەکو

خوا فەرمویەتی: ( لە ئاسمانەوە ئاوێکی نارد: باراندی): رەمزی مەعریفەتو ناسیاوی‌یە. «اودیە» کە هەر لەم ئایەتەدا هاتوە «لە پاشان هەر چۆمەڵە ئاوێک بە ئەندازەی گونجاوی خۆی ئاوی گرت»زەمزگەلێکن بۆدڵو دەرونگەل.

ئیمام محەمەدی غەزالی بەزیرەکی‌و ژیری تێ‌دەگاکە ئەم جۆرە تەئویلانەی ئەو، ئەو ئەباتە ریزی دەستەی باتنی کە ئایەتەکانی قورئان لە واتای زاهیری لائەدەن‌و بەباتین تەئویلی دەکەن، لێرەدایە کە دەسی خۆی پێش دەخاو دەفەرمێ: کە نەباتنی‌یە کە زاهیر رەت بکاتەوەو نەزاهیری‌یە کە ئەسراری باتین بداتە دواوە، بەڵکو ئەو: «ئیمام محەمەدی غەزالی» زاهیرو باتین پێکەوە، کۆ دەکاتەوە، لە واتای مەحسوسەوە، دەس پێ دەکاو لە ئەسراری پەنهان لەو لای واژەکانەوە غافڵ نابێ موسا(د-خ)لە «وادی مقدس»دا ئاگری دی‌و پەروەردگاری:هەرای لە موساکرد کە کەوشەکانت داکەنە«اخلع نعلیک»[1] موسا کەوشەکانی داکەند، بەلام لەوکاتەدا تێ‌گەیی کە ئەو لەسەرەتای میعراجی پێغەمبەری دایەو خوا لەوی دەوێ کە تەنیا بڕواتە لای خوا، بێ ئوگر بون بەملا یا بەولا، وە خوشەویستی دنیاو ئاخیرەتو ئەوەی بێجگە لە خوایە، هەمویان لەدڵو دەرون دەرهاوێ‌و فرێ‌یان بدا، میسالی زاهیری لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە حەقەو پێوەندو ئەنجامی ئەوە بەرازی‌دەرون: (باتین) یش حەقیقەتە. میسالەکان «ئیشارە»گەلێکن کە بۆ بزاوتن‌و دنەدانی حیس‌و خەیاڵ‌ئینسانی، بە کار براون بەلام ئەم‌ئیشارانە بەرەوپشتی پەردە ئەچن‌و بە نورگەلێ دەگەن کە لەروانگای حس‌و خەیاڵ پەنهان‌و نهێنن ئەگونجێ کەسێ بپرسێ: لەم تەئویلەداکە نەسەر دێنێتە بن فەرمانی قەواعیدو زاکۆنی زمان‌ونە بەعورفێکی‌تایبەتی عیلمی پابەندە، حەق کێهەیە؟ ئایا ئەم کارە مەیدانی بۆ خەیاڵ پەردازی‌و بەراورد، ناکاتەوە کە ئەقڵ لەودا بە ناچاری هەرچی بیەوێ؟بیڵێ؟ ئەگەر وابێ‌و تەئویل بۆئیسلام درگا بکاتەوە، نەک ئەوە بێ کە ئەنواعِ بیدعەتو لاریی لە دین‌دا ریگا

---

١ ـ یانی: خوت لە شت‌و مەکی هەر دو جیهان دارنە. پەراوەی زریزەی زیرین (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

بکاتەوە. هەر وەکو ئەوە کە باتینیەو هاوبیرەکانیان وایان کرد. لە وەڵامدا دەڵێین: ئەوە لە قسەکانی ئیمام غەزالی فام دەکرێ ئەمەیە کە ئەو:(غەزالی) تەئویل کردنی تەنیا بۆکەسانێ کە بەصیرەتیان هەیە هەر وەکو پیغەمبەرانو عارفانو ئەولیاو خواناسان بەجایز داناوە کە خودانی بیرو باوەرێکی تیژو وردنو واتای پەنهان لە پشت پەردەوە بەهەستو حیس دەبینن. هەر وەکو بۆپێغەمبەران ئەم دەس کەوتە بەدی هاتوە، پێغەمبەر دیتی کە ئەو رەحمانی کوری عەوف درەنگ؛چوە بەهەشت. پێغەمبەر ئەوەی بەچاو،وادی، بەلاّم بەبەصیرەت بە جۆرێتر. بە بەصیرەت زانی کە ئەو رەحمان کوری عەوفو هاواڵەکانی زۆر توند خەریکی ملە بەملانێ کردنن لەگەڵ نەفسی خۆیاندا تا بڕواو باوەر بەسەر ئارەزوی نەوسدا زاڵ بێو ئەوسا بچنە نێو رۆحانی پاک.بەناو بەهەشت. دیارە ئەو دوای ملۀ بە ملانێو تەقالایەکی زۆر پێ دەنێتە نێو بەهەشتەوە. ئیمام محەمەد غەزالی ئەم جۆرە لە خەو دیتنە کە هەم لەکاتی خەوتنداو هەم لەکاتی بێداریدا روئەدابە حسی ناوی ئەبا، کە ئەگەر لە بێداریدا بێ نیازی بە تەئویلەو ئەگەر لەخەویشدا بێ نیازی بەتەعبیرە.

باسی دوەم کە لەبابەت تەئویلی ئایەتی نورەوەیە پلە پلەی رۆحی بەشەر بە پێنج پلەدا لێی دەکۆڵیتەوەو بەراوردی دەکا.

یەکەم: رۆحی حەساسو بەهەستکە مەحسوسات دەرک ئەکا هەم لە منداڵداو هەم لە گەورەدا وجودی هەیە.

دوەم: روحی خەیاڵییە کە ئەوەی حەواس دەی هێنێتە ئیدراک، لەگەنجەی زیهندا رای دەگرێ. منداڵی شیرە خۆرە، روحێکی ئاوای بۆنیە، بەڵکو دوای لە شیر بڕانەوە، رۆحی وای بۆ پێک دێ، هەندێ لە ئاژاڵو پاتاڵ روحێکیوایان بۆهەیە.

سێوەم: رۆحی ئەقلیو ژیرییە کە واتای موجەرەد لەحیسو خەیاڵ جیا دەکاتەوەو ئیدراکی دەکا. ئەم رۆحە جەوهەری مروفو ناوەندی ئیدارکی زەروورییاتوگشتییە.

چوارەم: رۆحی فیکری یانەزەرییەکە پێوەندی مەنتیقی بیرو ئەندێشە دەرک ئەکاو لە بەرکوڵ دەگاتە نەتیژە.

پینجەم: رۆحی قودسی نەبەوی: (رۆحی) پاکی پێغەمبەری یەکە تایبەتی ئەنبیاو ئەولیایەو تیشکو ترێژی غەیبی دەکەویتە نیۆی. خوای بەرزو بیوێنە فەرمویەتی: (ئێمە لە خۆمانەوە، روحێکمان بە تۆ وەحـی کرد) مەبەست روحێکی وایە. ئەم پێنج رۆحە، نورگەلێکن کە ئەصنافی مەوجوداتی مەحسوسو مەعقول لەگەڵ ئەوانەدا زاهیر دەبن، وە لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە بەموازات پێنج شت هەن کە لە ئایەتی نوردا بەم وێنانە هاتون: میشکات: (چرادان) زجاجة: (شوشە)میصباح: (چرا)شجرة: (دار) زیت: (رون).

رۆحی حەساسو بەهەست لەراست«میشکات»دایە، چونکا نورەکانی لەکونی درزی حەواسەوە دیۆ دەروا، هەر وەکو چرا دانێک کە نورو شەوق لەوەوە دەچێتە دەرێ. رۆحی خەیاڵی لە راست: (زجاجە)دایە، چونکا هەر دو لە ئەصلدا تاریکو غەیرە لەتیفن، بەلأم دەکرێ تەصفیەو لەتیفو پاکو بریقەدار بن، خەیاڵ،زانستی ئەقڵی زەیت دەکاو لە پەریشانیو بلاوبونەوەی بێهودەی ئەوە بەرگری‌دەکا. هەروایش شوشە نوری چرا لە گژەبا دەپارێزێ رۆحی ئەقڵی لەراست «مصباح»دایەوناوەندی تابشی ئەنواری ئەقڵە. چونکا چرایش نوری حیسی بلاو دەکاتەوە.

رۆحی فیکر لەراست «شجرة»دایە، بەم واتایە کە ژیانی فیکری لە دارێک دەچێ کە شاخولقوپۆپوگەلاومیوەی زۆر بێ، کەهەمو لە ئەصلێک وەکو ساقەتو تەنەی دارەکە بێ دەروێنو شین ئەبن. بۆیی بەداری زیتون میسالی هێناوەتەوە کە رۆنەکەی پاکترو سافترەو پرشوعلەتر لە رۆنیترو باشترین رۆنی چرایە. رۆحی قودسی نەبەوی لە راست «زیت»دایە ک لەپاکیو بێنجەوشیو چاکی‌دا گەیشتۆتە ئاوەها پلەیەک کە نێزیکە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ نور وتیشک بداتەوەو هەلأیسیو گڕ بگرێ. رۆحی پێغەمبەرانو ئەولیایش وانو بە پلەیەک لە پاکیو بێجەوشیو کەماڵ گەیشتون کە ئیتر نیازی‌یان بە یارمەتی پەریو شتانی ترنیە. ئێستا ئەبێ بزانین کە پیوەندی تەئویلات لەگەڵ ئایەتێ کە خوا بە ناوی نوری ئاسمانو زەوی دەناسێنێو لەپاشان بەمیسالی رەمزیو گرێپوچکە دراو ئەوە نیشان دەداو وێنەی دەکێشێ چییە؟ بە بڕوای من بەتەئویلێ کە ئیمام غەزالی لە

Dr.Saleh Ebrahimi

سەر ئایەتەکەی کردوە، کاتێ ڕاستو دروست لە ئاو دەردێ کە ئایەتەکە جارێ تر بەتێگەیشتنێکی دروست بەم جۆرە بخوێنینەوە: خوا نوری ئاسمانەکانو زەوییە. مەسلی نوری خواکە لە ئینساندا خو نیشان ئەداهەر وەکو چرا دانێکە، کە لەودا هەیەو ئەو چرایەش لە نێوشوشە یەکدایە کەبێ زیاد کردنی ئەوە سەری پێوەند لەنێوان تەئویلی غەزالی و ئایەتە شەریفەکەدا لە بەریەک هەڵدەپچردرێ. بەڵام لەسەر ئەو فەرزە ئەتوانرێ ئەوەی کە غەزالی لە پلەی ڕوحی ئینساندا (پێنج پلە ناو براوەکە) هێناویەتی، تێ بگەین، چونکا ئیمام محەمەد غەزالی ئەم پلەو پایانەی بە ئەنواعێ لە ئەنواری ئیلاهی داناوەکە بە پلەگەلی جیاجیا لە نورالانوار: (الله)نور وەردەگرن. وە خوای بەرز بۆتێگەیشتنی دروستی ئەم مەبەستانەو تەئویلانە لە عالەمی مەحسوس، بەچرادانو شوشەو چراو دارو ڕۆن مینسالی هێناوەتەوە. بەڵام بۆچ غەزالی تەشبیهە کە لە ئایەتەکەدا تەنیا لە سەرئینسان کورتی کردۆتەوەو بونەوەرانی تری جیا کردۆتەوە، کەچی ئایەتەکە خوای بەنوری ئاسمانەکانو زەوی یانێ بە نوری ئەوەی بەخشلی وجود لە سەرەوە تا خوارێ ڕازاوەتەوە دەناسێنێ. ئەم تایبەتیە لە بەر ئەوەیە کە مروف لە ڕوانگای غەزالییەوە، تەنیا بونەوەریکە، کە نوری ئیلاهی لەودا لەهەمو پلەیەکدا خۆی دەنوێنێ، کەچی ئەم نورە لە غەیری ئیساندا بێجگە لە هەندێ پلەو پایەنە بێ خۆ نانوێنێ. جا هەر لە بەر ئەمەیە خوا لە نێوان مەخلوقاتدا مرۆفی لە بەر چاو گرتوەو ئەوی بەوێنەی خۆی ئافەریدە کردوەو ئەوی کردۆتە شیاوی جێ نشینی خۆی لە ئەرزدا.

ئیمام غەزالی بەم بیرو ڕایە، باری خودایی مروفی دوزیوەتەوەو بە پیوەندی ڕاستەو خۆ ئەو بەجیهانی بەرین پێوەند ئەدا. وە بیرو ڕایەکی تازە لە بارەی نبووەت را دەگەینێ کە لەوەدا نەبیو خواناس،بێ ناوجیگەری پەری وەحی، وە یا کومەگێ لەزانستی دەرەوە ئەتوانێ ئامادەی وسولی وەحی بێت. پێغەمبەر یاخواناسیاوەلی بە هەبونی چرای نور لەدڵو دەروندا چ نیازێکی بە پەری وەحی هەیە. ئاوا دێتە بەرچاو کە ئەم بەشە لە نامیلکەی میشکات الانوار تەواو کەرەوەی بەشی یەکەم بێ، چونکا غەزالی لە بەشی